گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانكۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(١)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

# مافە سیاسی و کارگێریی و کۆمەڵایەتی و ئابوریی (أهل الذمة) لەدەوڵەتی بوەیهی ( ٣٣٤ -٤٤٧ک/ ٩٤٥-١٠٥٥ ز )

**ئاکۆ برهان محمد**
بەشی مێژوو، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق
ako.muhamad1@su.edu.krd

**ئازاد عثمان مصطفی**
بەشی مێژوو، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق
azad.balaky@gmail.com

## زانیاریەکانی توێژینەوە

**بەرواری توێژینەوە:**
وەرگرتن: ٢٠٢١/٩/٢٣
پەسەندکردن:٢٠٢١/١٠/١٦
بڵاو کردنەوە: زستان ٢٠٢٢

**ووشە سەرەکییەکان:**
Arban, BOWAIHE, Right, Islamic, Thima

Doi:
10.25212/lfu.qzj.7.1.12

## پوختە

(ئەهل الذمە) بریتیە لەکەمینە ئاینیەکانی وەک(مەسیحی، جولەکە، سابیئە، زەردەشتی) لە زیممەت و چاودێری دەسەلاتی ئیسلامیدان، هەموو مافێکیان هەیە وەکو هەرهاولاتیەکی موسلمان،ئەویش بەگوێرەی ڕێسای (إن لهم ما للمسلمین،و علیهم ماعلی المسلمین)، لەرووی ئەرک و مافەکانەوە هیچ جیاوازیەکیان لەگەڵ موسلمانان نەبوو، بەڵام لە بەرامبەر ئەنجام نەدانی خزمەتی سەربازی دەبوو باجی سەلامەتی پاراستنی خۆیان بدەنە دەولەت، موسلمانانیش لەژێر ناوی زەکات و سەرفترەو باج، هەمان برەپارە و بگرە زۆر جار زیاتریشیان دەدایە دەولەت.

ئەهلی زیممە هەموو مافە سیاسی و کارگێریی و ئابوریی کۆمەڵایەتیان هەبوو، دەولەتی بووەیهی مافی تەواوی پێدان لەهەموو بواراکانی ژیان. ئەوانیش توانیویانە سەرکەوتووبن لە دەستەبەرکردنی مافەکانیان توانیان بەشداری دەولەت بکەن لە هەموو سێکتەر و بەشەکان رۆلێکی گرنگیان گێرا کەپێشخستنی لایەنی بەرێوەبردن و بازرگانی و کشتوکاڵ و پەیوەندیەکی کۆمەڵایەتی توندوتۆڵیان دروستکرد لەگەڵ

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(١)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

موســـلمانەكان كە خۆی لەبەشــداری كردن لەبۆنەو ئاهەنگەكانی یەكتر دەبینیەوە ،
هەروەها ئەم چینە بەلێهاتوی خۆیان توانیان چەندین پۆســتی وەزاری وەربگرن لە دەولەت متمانەی میرانی بوەیهی بەدەســت بێنن. رۆڵ و كاریگەری گەورەیان هەبوو لەســەر رێكخســتنی ئیدارەو لابردنی زیادەرەویەكان و چاككردنی ویلایەتەكان لە بوارەكانی كشــتوكاڵ و بازرگانی نەهێشتنی دزی ورێگری ،
شایەنی باسە ناموسلمانەكان لەرووی كۆمەڵایەتیەوە توانیبویان بەتەواو ئاوێتەی كۆمەلگەی ئیســلامی ببن ، لەو گەرەك و شــارانە دەژیان كەموسلمانانی تیدابوو بە تەواوی ماف و ئازادیەكانەوە.

## پێشەكی

(أهل الذمة) بریتی بوون لەو كەمینە ئاینیانەی كەلەدەولەتی ئیســلامی دادەژیان وەكو( مەســیحی وجولەكە وســابیئە وزەردەشــتی...) كە مافەكانیان پارێزراوبوو لەلایەن دەولەتەوە، دەولەت توانیەتی ژیانێكی ئاســودەیان بۆ فەراهەم بكات، بەگشــتی (أهل الذمة) هەموو مافی ئابوریی وكۆمەڵایەتی وســیاســی و رۆشــەنبیریان هەبوو لەدەولەتی ئیســلامی وە رۆڵێكی دیاریان هەبوە لە بوارەكانی بەرێوەبردن و ئابووری ورۆشـەنبیری وولات ،ناموسـلمانەكان توانیانە سـەركەوتوانە خۆیان بگونجێنن لەگەڵ موسـلمانان لەكۆمەڵگای ئیسـلامیدا بەشـداریان هەبوە لە تەواوی بەشـەكانی وولات چ لەرووی بەرێوەبردن یان بازرگانی كردن و گەشــەپێدانی ئابوریی وولات، ئەم پێكەوە ژیانەش نمونەی جوانی ئیســلام دەردەخـات لەدەســتەبەركردنی مـافی كەمینە ئـاینیەكـان لەروی كۆمەڵایەتی وئـابوریی وسیاسیەوە ،بۆدەستەبەركردنی ژیانێكی ئاسودە وپێكەوە ژیان بۆهەموو كۆمەلگا، دوور لەتوندوتیژی و دەمارگیری ئاینی.
هەروەها دەولەتی ئیسلامی لەسەردەمی دەولەتی بووەیهی لەچوارچێوەی خەلافەتی عەباسی هەر لە سەرەتای هاتنەسەردەسەڵات رێگەیان دا بەئەهلی زیممە لە وەرگرتنی مافەكانیان لەهەموو بوارەكانی ژیانیان لەرووی ســیاســی و كۆمەڵایەتی و ئابووری و رۆشــەنبیری و دیینیەوە هەروەها خەلیفەكانی

عەباسـی بەردەوام هاوکاریان بوون بۆئەوەی بەبێ کێشـە و دوور لەجیاوازی ئاینی بتوانن بژین لە دەولەتی ئیسـلامی ،هەروەها میرانی بوەیهی لەماوەی فەرمانڕەوایەتی خۆیان لەعیراق و هەرێمی فارس هەولیان داوە کە کلێسـاو ئاتەشـگا و دێرو شـوێنە پیرۆزەکانیان نۆژەن و ئاوەدان بکەنەوە و ئەوشـوێنانەی ئەهلی زیممەی لێنیشـتەجێیە پەرسـتگای نوێی بۆ دروسـتکردوون ،هەروەها ئەهلی زیممە مافی نیشـتەجێ بونیان هەبوو لەهەر شـوێنێک کە بییان ویسـتایە وە، دەسـتکراوەبوون لەهەلبژاردنی پیشە و کارە پیشەسازیەکان و کەسانی لێهاتوو بوون لەو بارەشەوە سەربەست وئازاد بوون ،هەروەها مافی خوێندن و فێربوونی زانسـت زانیاریان هەبوو وە چەندین قوتابخانەی تایبەت بەخۆیانیان دروستکرد بۆپەروەردەکردنی منداڵەکانیان لەسەر بیروباوەری خۆیان.

ئەهلی زیممە رۆڵێکی کاریگەریان هەبوو لەخەلافەتی عەباسـی بەگشـتی و لەدەولەتی بوەیهی بەتایبەت لەهەموو بوارەکانی سیاسی وکارگێریی وئابوریی کۆمەڵایەتی و رۆشەنبیریەوە .

لەبەرئەوەی بابەتەکەمان پەیوەسـتە بەمافی کەمینەیەک لەدەولەتێکی بوەیهی لەچوارچێوەی خەلافەتی ئیسلامی پێویستی بەگەرانێکی وررد هەبوو بۆبەدەستخستنی زانیاری وورد لەسەر مافی ئەم کەمینە ئاینیانە ،پێدانی مافەکانیان لەلایەن دەولەتی بوەیهیەوە.

## دەروازە :

سەرەتا دەبێ بزانین بەکێ دەگوترێت (أهل الذمة) ،بەو مەسیحی و جولەکەو صابیئە و مەجوسی،یانە دەگوترا کەلە وولاتی ئیسلامیدا دەژیان، هەروەها لەپێناسەیەکیتر بۆ (أهل الذمة) بریتیە لەوانەی کە خاوەن کتێبی ئاسمانین و ئادابەکانیان جێبەجێدەکەن بەدڵنیایەکی تەواوەوە لەلایەن موسلمانەکانەوە پاراسـتنیان لەهەمانکاتدا. { الخربوطلي :١٩٦٩م،ص٦٥} . وشـەی(الذمة) بەمانای(گەردەن ،نەفس ،پەیمان) دێت ،هەروەها لەهەندێک دەقی شـەرعیتر تەفسـیرکراوە بە(ذمة الله) و(ذمة رسـول الله)،چونکە لەلایەن خوای گەورە و پێغەمبەرەکەی وەعدو پەیمان وپارێزگاری و ئاسایش پارێزی چاک دراوسـێیەتیان پێدراوە .{قەرەداغی :٢٠١٦،ل٣٨} . هەروەها (الذمة) بەمانای ( العهد والكفالة) دێت .{أبادي : ١٩٥٢م ،١١٧/٤} . وەبەمانای (الأمان) ،دێت .{ابن منظور: ٢٠٠٣م،٢٥٧/١٢} .

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(١)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

لەسەرچاوەکانی فقهی ئیسلامیدا هاتووە :ئەو ناموسلمانانەی (أهل الذمة) کە دەکەونە ناو دەوڵەتی ئیسلامی سەلامەتن وە دەبێت (جزیە)[1] سەرانە بدەنە دەوڵەت، لە بەرامبەردا دەولەت دەبێت هەموو مافەکانیان بۆ دابین بکات لەپەرستشەکان و پاراستنی خۆیان و ماڵ و منداڵیان و ڕێگری کردن لە کوشتن ورفاندنیان و پێشێلی مافەکانیان لەلایەن هەر گروپێکەوە، ئەنجامدانی سروتە ئاینیەکانیان بەئازادی، دەولەت قەدەغەیکرد و ڕێگری کرد لەسەر هەرکارێک ببێتە هۆی ڕشتنی خوێنی (جولەکە ومەسیحی وصابیئە ومەجوسی(زەردەشتیەک). {الماوردي :١٩٠٩م ،ص٢١٩ ؛ علی السلاح :ص٣٧-٣٨}.

ئاینی ئیسلام دڵنیای و مافی تەواوی داوە بە ناموسلمانەکان (أهل الذمة)،ئەمەش لەڕێگەی سەرچاوە جۆراوجۆرەکانی یاسادانانەوە لە سەروی هەمویانەوە قورئانی پیرۆز، کەخوای گەورە دەفەرموێت ((قتلوا الذين لا يؤمنون بالله ولا باليوم الاخر ولايحرمون ماحرم الله ورسوله ولايدينون دين الحق من الذين أتوا الكتب حتى يعطوا الجزية عن يد وهم صغرون )) .{سورة التوبه :الاية ٢٩} . واتا( ناموسلمانەکان پێویستە جزیە بدەن بەموسلمانەکان لەبەرامبەریشدا مافی پاراستنیان لەئەستۆی موسلمانەکانە ،خوایی گەورە حەرامی کردوە لەسەر هەرموسلمانێک مافی ناموسلمانێک بخوات بەناحەق) ، هەروەها لە شوێنێکیتر داهاتووە لەقورئانی پیرۆزدا دەفەرموێت (( لاإكراه فى الدين)) . {البقره ،الايه ٢٥٦} . واتا(هیچ زۆریەک لەدیندا نیە) . {زلمی :٢٠١٩ز ،ل٨٣} .

## تەوەرەی یەکەم : مافی ناموسلمانەکان (أهل الذمة) لەروی سیاسی و کارگێڕیەوە :

### باسی یەکەم :مافە سیاسیەکانی (أهل الذمة ):

### پێدانی مافەسیاسیەکانی(أهل الذمه) لەلایەن میرانی بویهی :

چالاکی و بەژداریکردنی ناموسڵمانەکان لەکاروباری سیاسی وەرگرتنی مافی بەژداریکردنیان لەدەولەت لەگەڵ میرانی بوەیهی زیاتر بوو ،چونکە دەسەلات زیاتر لەدەست میرانی بوەیهی بوو نەوەک خەلیفە بۆیە زیاتر بەشداری دەولەت و سیاسەتیان کردووە لەسەردەمی میرانی بوەیهی

٩-(الجزيه) سەرانە :بریتیە لەبرە پارەیەی کەدەبوو ساڵانە ناموسلمانەکانی دانیشتوی دەولەتی ئیسلامی بیدەن بەدەولەتی ئیسلامی لەبەرامبەر بەپاراستنیان و بەردەومبون لەسەر ئاینەکەیان و بەژداری نەکردنی لەشەرەکان و ئازادی وئاینیان.(السلاح :الزيه ينظر ،ص٣٧) .

،بۆیەچەندین پۆستی گرنگیان وەرگرتوە وەکو پۆستی وەزارەت ،وەکو دەبینین (ابوسعید اسرائیل ت(٣٦٦٨ک/٩٧٨ز) لەئەهلی زیممە بوو،پۆستی وەزیری وەرگرت لەسەردەمی میر(عمادالدوله) لەسالی(٣٢٢ک/٩٣٣ز) لە شاری شیراز، هەروەها میر(معزالدوله) لەوبوارەدا وەکو مافی بەشداری کردنی ناموسلمانەکان لەسیاسیەت وحکومرانی وولات زۆر کاری کردو بەشێک لەوانە پۆستی گرنگی پیدان لەدەولەت .{النویری : ١٩٨٥م ،١٧٤/٢٦-١٧٥ ؛ سلێمان :١٨٩٩م،ص٩٦} .

هەروەها دەولەتی بوەیهی بەبەراورد لەگەڵ دەولەتانی پێش خۆی جیاوازیەکی زۆری پێوە دیارە بەتایبەتی لەروی مافی سیاسیەوە چونکە سیاسەتی بوەیهیەکان زیاتر کرانەوە هاوکاری و لێبوردەی بوە بەرووی ( جولەکەو مەسیحی وزەردەشتی و سابیئەکان ))، بەشایەتیدانی مێژونوسی نەصرانی(ویل دیورانت) کەباس لە ئەهلی زیممە دەکات و دەلێ ئەهلی زیممە لەژیانێکی خۆش و بێ کێشەدا ژیاون لەسەردەمی دەولەتی بوەیهی هەموو مافەکانیان پارێزراو بووە و چەندین پۆستی گەورەو گرنگیان وەرگرتووە لەم دەولەتە(هێندە پۆستی کارگێریی و سیاسیان وەرگرتوە وەکو ئەوە وابوە ئەوان خاوەن دەولەت بن وە موسلمانەکان کەمینەبن). { قصە الحضارە ١٩٨٨م ،٣٢٢/١٣} .

هەروەها ناموسلمانەکان بەگشتی و مەسیحیەکان بەتایبەتی چەندین پۆستی گرنگیان وەرگرت لەبواری سەرپەرشتیکردنی ماڵ و موڵکی دەوڵەت ودیوان وتۆمارەکان و هەروەها بوون بەبەرپرسی (الخزانە)،(خەزێنەی دەولەت) کەئەمەش پۆستێکی باڵایە لە دەولەتی بوەیهی،وەکو دەبینین لەسەردەمی میر(معزالدوله) لەساڵی(٣٥١ک/٩٦٢ز) لەبەغدا ،کەسایەتیەک بەناوی (ابوعلی بن ابراهیم النصراني) ،پۆستی خەزێنەی دەولەتی وەرگرت . { مسکوی :(د.ت) ،٣٥٦/١٢ ؛ الهمذاني :(د.ت)، ص٤٥٦} . ئەهلی زیممە کارەکانیان زۆر بەدلسۆزی وبەرێک وپێکی دەکرد لەنادەولەت هەربۆیە میرانی بوەیهی ئەومافەیان پێدەدان بێنە پێشەوەو ئەم پۆستە باڵایانە وەربگرن و بەشداری سیاسەت بکەن.

ئەوەی پێگەی دەولەتی ئیسلامی لەم روانگەیەوە بەهێزکرد،حوکمە ئیسلامیەکەی بوو سەبارەت بەمافی ئەهلی زیممە بۆکارکردن لە بازنەی دەولەتی ئیسلامی، هەربۆیە لە روانگەی رێزگرتنی ئیسلام لەئەهلی زیممە میرانی بوەیهی رێزیان لێدەگرتن تەواوی مافەکانیان بۆ دەستەبەر کردبوون، هەندێک لەمیرە بوەیهیەکان هەولیان داوە سۆزی وەزیرەکانیان بۆلای خۆیان رابکێشن هەوڵی ئەوەیان داوە تاوکوو بیانکەن بەموسلمان بەلام لەم کارەشیان هیچ زۆریەکیان لەسەر نەکردن ،بۆیە دەیتوانی

لەسـەر ئاینی خۆیان بن و کاروباری دەولەتیش جێبەجێ بکەن، لەوانەش (علی بن اسـحاق ابراهیم بن هلال الصابی)، کە هەر لەسەر ئاینی خۆی مایەوە و بەردەوامبوو لەسەر خزمەتکردنی میری (عزالدولە بختیار) بوەیهی. { الحنبلي :١٩٨٩، ٤٣٧/٤}.

هەروەها بەردەوام لەلایەن میرانی بوەیهی بەشـــداریی کۆڕو دانیشـــتنە زانســـتیەکانیان پێدەکرا و لەخۆیان نزیک دەکردنەوەو خەلاتیان بەسەردا دابەشدەکردن لەبەرامبەر ئەوخزمەتانەی کەپێشکەش بەدەولەتیان دەکرد،وەکو میر(عضدالدولە) دیاری پێشکەش بەوەزیرەکەی (ابو اسحاق الصابی) کرد لە بۆنە و یـادو جەژنەکـان ومیهرەجـانەکـانی تـایبەت بەئـاینی خۆیـان . {ابن الجوزي : ١٩٩٢م ، ٢٩٤/١٤} .

هەروەها ئەهلی زیممە هەر پێویســـتیەکیـان هەبوایە بۆیـان دابین دەکرا. دەبینین میر (معزالـدولە) (ابوعلی الحسـن بن ابراهیم النصـرانی )،رادەسـپێرێت پێویسـتیەکانی سـوپای دابین بکات بۆ ئەوەی سوپایەکی بەهێز بنیات بنێت لەبەغداد لەساڵی (٣٥١ک/ ٩٦٢ز) .{ یاقوت الحموي :١٩٩٣، ٩٨٢/٤-٩٨٣} .

هەروەها مەجوسی (زەردەشتی) کەبەشێکی تر بوون لەئەهلی زیممە هاوکاریی و خزمەتێکی زۆریان بەدەولەت و میرانی بوەیهی کردووە بەلام کەمتر لەسەرچاوە مێژوویەکان ناویان دێت، وەکو دیارە لە سەردەمی میر(عضدالدولە) کەسایەتیەک بەناوی (ابونصر مجوسی) وەکو پۆستەبەر(برید) دەینێرێت بۆلای برای بۆدەستگیرکردنی (ابی الفتح ابن العمید) ،لەلایەن سـوپای براکەی.{ التوحیدي :١٩٩٧م، ٣٤٥ ؛ النویری :١٩٨٥،٢٦/٢٠٩} .

هەروەها ناموسلمانەکان(مەجوسی-زەردەشتی)، لەهەرێمی فارس ژمارەیان زۆربوە چەندین پۆستی کارگێریان بەریوەبردووە هەموو مافێکیان پێدراوە و کەمترین ئاژاوە رویداوە لەنێوان موســـلمان و ناموسلمانەکان، تەنیا جارێکیان ئاژاوەو شەر لەنێوان موسلمانەکان و مەجوسیەکان لەشاری (شیراز) دروســـت بوو کەبوە هۆی مردنی چەندین مەجوســـی ئەم شـــەرو ئاژاوەیە لەســـاڵی (٣٦٩ک/٩٧٩ز) رویداوە، کاتێک میر(عضـدالدولە) ئەو هەواڵەی پێگەیشـت هەسـتا بەسـزادانی ئەنجامدەرانی ئەوکارە بەتوندترین شـێوە بۆئەوەی جارێکیتر ئەم جۆرە کارانە دوبارە نەبێتەوە وە مافی بۆ زەردەشـــتیەکان گەراندەوە، چونکە ئەوکەمینە زەردەشـتیی لەم شـارە بوون لەلایەن موسـلمانەکانەوە بەکافرو بێباوەر سەیردەکران وە تێکەڵاوی ومامەلەیان بە باشی لەگەڵ نەدەکرا. {ابن الاثیر :١٩٧٩م، ١٠٢/٧-١٠٣}.

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(١)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

هەروەها زەردەشـــتیەکـان(مەجوســـی) رۆڵ وکـاریگەریـان هەبوو لەدەولەتی بوەیهی لەبواری بەژداریکردنی ســیاســەت لەناو کۆشــک و دیوانەکانی دەولەت یەکێک دەرکەوت لەهەرێمی فارس کەزەردەشـتی بوو بەناوی (عبدالله بن الفضـل) لەمتمانە پێکراوەکانی میر(بهاء الدوله (٣٨٨-٤٠٣ک)، بووە کردویەتی بەبەرپرسی سوپا لەهەرێمی فارس . {الصابي :١٩٩٨م، ٣٧٩}.

هەروەها نامۆسـلمانەکان ئەو مافەیان هەبوو ببن بەسـەرکردەی سـوپا لە دەولەتی بوەیهی ،دەبینین میر(عضـدالدوله)،(٣٦٧-٣٧٢ک/٩٧٨-٩٨٣ز)، هەردوو سـەرکردەی سـەربازی (أباقاسـم علی بن جعفر الواذاري) و (أبا العلاء النصراني) بە سپایەکەوە دەنێرێت بۆسەر(بەنی شیبان) کە لەرۆژهەلاتی روباری دیجلە نیشـتەجێ بوون دەسـەڵاتیان بەسـەر ئەوناوچەیە هەبوو ئەوەش لەسـاڵی(٣٦٩ک/٩٧٩ز)، بۆدەستبەسەرداگرتنی ئەو ناوچەیە.{مسکویە :٢٠٠١م، ٣٩٨/٢} .

لەگەڵ ئەوەی ئەهلی زیممە پەیوەنـدیەکی تونـدوتۆلیـان لەگەڵ میرە بوەیهیەکـان هەبوو بەڵام لەهەندێک کاتدا کێشەو ئالۆزی کەوتۆتە نێوانیان لەلایەن میرانی بوەیهیەوە سزادراون، وەکو کێشەی نێوان میر(عضـدالدوله) و وەزیرەکەی (ابی اسـحاق الصـابي) ئەویش کاتێک(الصـابی) لەکتێبەکەی (رسـائل والعهود) سـتایشـی میر(عزالدوله بەختیار) دەکات لەسـەرزاری خەلیفە (الطائح الله)(٣٦٣-٣٨١ک) ، ئەمەش بوە هۆی تورەبونی میر(عضـدالدوله) هەسـتابە دەسـتگیرکردنی( الصـابي) خسـتیە زیندان.{التنوخی :١٩٧١م ،٢١١/٣ ؛ ابن الاثیر :١٩٧٩م، ١٠٦/٩} .

هەروەها چەنـد فەرمـانبەرێکی تر لە ئەهلی زیممە لەلایەن میرەکـانی بوەیهی دورخراونەتەوە وەکو والی (ئەهواز) ناوی (سـهل بن بشـر) بوو، لەسـەر دەسـەلات لادرا بەهۆی دەرچونی لە فەرمانی میری (بختیـار الدوله) لەسـاڵی(٣٦٤ک/٩٧٤ز)، هەروەها یەکێکی تر لەنزیکەکانی مەسـیحیی بوو بەناوی (صـاعد بن ثابت النصـراني) لەکارەکەی دورخسـتەوە بەهۆکاری دەرچوون لەبریارەکانی میر(بختیار) جێبەجێنەکردنی فەرمانەکانی لەسـاڵی(٣٦٦ک/٩٧٦ز) ، دەسـتی گرت بەسـەر ماڵ و موڵکەکەی و ناوبراویش خرایە زیندانەوە. { مسـکویە :٢٠٠١م ، ٣٥٦/٢ ؛ التنوخی :١٩٧١م ،٧٠/١ ؛ الهمذانی : (د.ت) ،ص٤٥٦ }.

هەروەها دانـانی پۆسـتی وەزیرەکـان تەواو لەبن دەسـتی میرە بوەیهیەکـاندا بوو،هەر ئەوانیش دەیانتوانی وەزیرەکان دانێن و لایانبدەن ،میرانی بوەیهی بۆ دانانی یاریدەری پۆستی وەزیر پشتیان

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بە ئەهلی زیممە دەبەست چونکە بۆ بوەیهیەکان هەم گوێرایەل بوون و هەم راستگۆ دەستپاک بوون لەکارەکانیان کێشەو دوبەرەکیان دروست نەدەکرد لەنێوان هاولاتیان بۆیە دەبینین چەندین پۆستی گرنگیان وەردەگرت لەناو وەزارەت و چەندین جاریش ببون بە وەزیر کە ئەو مافەش لەلایەن میری بوەیهی دراوە بە ناموسلمانەکان، ( ابی علاء و صاعد بن ثابت  وابو منصر و ابی الفضل الشیرازی لەفارس...)، لەسەردەمی میر (عضدالدولە) لەساڵی(٣٥٢ک/٩٦٣) ،لە تەواوی کۆروو دانیشتنەکان لە نزیک میری بوەیهی دادەنیشتن  جێی متمانەی میری بوەیهی بوون.{ مسکویە (د.ت)، ٣٠٨/٢   ؛ الدوري :١٩٤٥م ،ص٢٨١  ؛  غرس :١٩٨٧م، ص٣٣٣-٣٩٩} .

هەروەها چەندانی تر لەلایەن وەزیرەکانەوە ئەو مافەیان پێدراوە بۆ ئەوەی پۆستی گرنگ وەربگرن لەناو وەزارەت لەم کارەشیاندا سەرکەوتوبوون بەڵسۆزی کارەکانیان ئەنجامدەدا.

بەگشتی دەتوانین بلێین ئەهلی زیممە رۆڵێکی کاریگەریان هەبوو لەرووی سیاسیەوە لە دەولەتی بوەیهی ،جێگەی متمانەی میرەکان بونە و میرەکانیش چەندین ماف وپۆستیان پێداون لەماوەی حکومرانیان وەکو (وەزارەت و جێگری وەزیرو و بەرپرسی خەزێنەی دەوڵەت و هەروەها پۆستی سەرکردەی سوپاو هیتر) ، ئەوپۆستانەی زیاتر ئەوان بەرێوەیان دەبرد وەزارەت بوو زۆربەی وەزیرەکانیش مەسیحی بوون. { موریس : ١٩٨٦م ،ص٢٢٥-٢٢٦ }.

ئەگەر چی یەهودیەکان هەموو مافێکیان هەبوو بۆ بەشداریکردن لە سیاسەتی دەولەتی بویهی بەڵام ئەوان زیاتر روویان لەبازرگانی و ئابوریی کردبوو زیاتر بەو لایەنەوە سەرقال بوون.  {ابن الجوزی :١٩٩٢م، ٢١٤/١٥   ؛  عمادالدین خلیل :١٩٩٠م، ،ص١٧٣} .  وەهەروەها (صابیئە)کان، زیاتر بەکاری کارگێریی و رۆشەنبیریی و فکریەوە سەرقاڵ بوون مافەکانیان لەو بورارەدا پەرە پێدەدا. {مسکویە :٢٠٠١م، ١٤٦/٢}.

، لەسەردەمی بویهیەکان یەکێک لەکاتب و نوسەر و کۆکەرەوەی باجەکان کەسێکی جولەکە دەبێت ،لەلایەن بەرپرسی پۆلیس لێی دەدرێت و ئازار دەدرێت، ئەم هەوالەش دەگەرێتەوە بۆ میری بوەیهی (عضدالدولە)ئەویش بریار دەدات بە سزادانی بەرپرسی پۆلیس و وەرگرتنەوەی مافی ناموسلمانەکە. {ابن الجوزی :١٩٩٢م، ٢٩٣/٦} .

ئەم رووداوەش پێمان دەلێت هیچ کاتێک ئەهلی زیممە مافیان نەخوراوە لەدەولەتی بووەیهی بەلکوو بەردەوام پارێزگاریان لێکراوە و مافەکانیان بۆ دابینکراوە .

هەروەها ئەهلی زیممە لەهەرێمی فارس چەندین پۆستی جۆراو جۆریان وەرگرت دیارترینیان پۆستی وەزارەتە کەچەندین کەسایەتی وبنەماڵە ئەو پۆستەیان وەرگرت وە زۆرجار لەباوکەوە بۆ کورەکەی دەمایەوە وەکو ( إبن وهب – بنەلەی شیرازیەکان –کورەکانی ابن ماکولا- کورەکانی عبدلرحیم )،لەگەڵ چەندی پۆستیتر کەبەدەست ناموسلمانەکانەوە بوو. { مسکویە (د.ت) ،١٤٦/٢ ؛ الخربوطلي :١٩٦٩م، ص١٤٥ ؛ موریس :١٩٨٦م ،ص٢٥٥ ؛ یوزبکي : (د.ت)،ص٢٤٧ ؛ أدم متز:١٩٤٠م ،ص١٣٢}.

لەو دیارترین کەسیاتەیەکان لە ناموسلمانەکان کەپۆستی وەزارەتی وەرگرت لەهەرێمی فارس ئەویش (ابو سعید اسرائیل بن بن موسی ) لەسەردەمی میر(عماد الدوله) لەسالی(٣٣٩ک/٩٥٠ز) بوو. {النویری :١٩٨٥م ،ص٢٢٥-٢٦٠}. هەروەها لەسەردەمی میر( عضدالدوله) ئەوپۆستە درابە (ابا منصور نصر بن هارون) لەسالی(٣٦٩ک/٩٧٩ز) ،کەخاوەن متمانەی میرانی بوەیهی بوون .{مسکویە :٢٠٠١م، ٤١٢/٢ ؛ ابن لاثیر:١٩٩٧م، ٧٠٢/٨ ؛ الروذراوري :٢٠٠٢م، ٨٢/٣ ؛ الانطاكي :١٩٩٠م، ١٩٧/١ ؛ النویري :١٩٨٥م، ٢٢٥/٢٦} .

هەروەها (سعید بن حسین بن بریک) النصاری لەساڵی(٣٨٠ک/٩٩٠ز) لەسەردەمی خەلیفە (قادربالله)(٣٨١-٤٢٢)، پۆستی وەزارەتی وەرگرت ،زۆرجار وەرگرتنی ئەم پۆستانە ململانێ و دوژمنایەتی دروست دەکرد لەنێوان وەزیرو کاربەدەستەکان. {القضاعی :١٩٩٨م ،ص٣٤٨} .

هەروەها میرە بوەیهیەکان سیاسەتێکی نوێیان گرتە بەر ئەویش بریتی بوو لە دامەزراندی دوو وەزیر بۆ بەریوەبردنی کاروبارە کارگێریەکان کە دانەیەکیان لەعێراق و دانەکەیتریان لەهەرێمی فارس لەسەردەمی(عضدالدوله٣٦٩ک/٩٧٩)، دوو وەزیری دانان(نصر بن هارون)کەمەسیحی بوو لەفارس،وە (ابوالریان احمد بن محمد) کەموسلمان بوو لەعێراقی دانا، زۆرجار ئەم دوو وەزیرە کێبرکێ و بەربەرەکانیان دەکەوتە نێوانیان لەسەر خۆنزیک خستنەوەی لە میر لەو ناوەدا تەنیان هاولاتی زەرەرمەندی یەکەم بوو. {الیوزبکی :١٩٨٨م، ص٢٣٩ ؛ ،متز :١٩٧٥م،ص١٣٥} .

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(١)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## باسی دووەم : مافی بەشداریکردنی (أهل الذمة) لە بەرێوەبردن و کارگێری :

لە سـەرەتای هاتنی بوەیهیەکان بۆدەسـەلات سـیاسـەتێکی ئاوایان پەیرەوکرد کەبریتی بوو لەپەراوایزخسـتنی خەلیفەکان لەتەواوی بریارەکان، بۆ بەرێوەبردنی کاروباریی وولاٌت و دەوڵەت لەچەند یەکەیەکی کارگێری بەشـداری بە بە ئەهلی زیممە کرد و ئەو مافەی پێدان کەبەشـداریان هەبێت لەپۆستە کارگێریەکانی دەولەت ،ناموسلمانەکان چەندین پۆستی کارگێریان پێدرا، سابیئەکان و مەسیحیەکان زیاتر پۆستی ئیداریان بەرێوەدەبرد، بەلاٌم جولەکەکان و مەجوسیەکان لەبوارەکانیتر کاریان دەکرد .{ کامل ،١٩٨٦م ،ص٢٦٩/٣}.

هەروەها ئەهلی زیممە چەندین پۆسـتی تریان وەرگرت لەدیوانی ( نامەبەری و نوسـین وتۆمارەکان) چونکە ناموسـلمانەکان کەسـانی لێهاتوو خوێندەوارو رۆشـەنبیر بوون و شـارەزای ئەدەب و بابەتی فکری بوون بۆیە لەپۆسـتە زانسـتیەکان دادەنران .{فلیپ :١٩٥٦م ،ص٤٢٢ ؛ مناعی :١٩٩٦م ،ص١٣٦-١٣٧} .

دیارە پشـت بەسـتن بە ئەهلی زیممە لەنوسـیندا بەدرێژایی سـەردەمی عەباسـیەکان بەردەوام بووە ،بەهەمان شـێوەش لەسـەردەمی بوەیهیەکانیش بەردەوامی هەبووە، لەوانەش(ابو اسـحاق الصـابی) لەسالی (٣٨٠ک/٩٩٠ز) کەخۆی یەکلای کردبۆوە بۆ نوسین وە بەرپرسی دیوانی نامە وتۆمارەکان بوو، کەتوانی کتابی (التاجي) بنوسی کەباس لەرەچەلەک و بنەماڵەی بوەیهی دەکات، هەروەها خزمەتکارو کاتبی وەزیری میر(صـمصـام الدولە) بەناوی (ابن بقیة) بوو لەسـالی(٣٦٥/٩٧٥ز) لەسـەردەمی خەلیفە (المطیع لله (٣٣٤-٣٣٦ک)، بوو چەندین نوسـینی لەدوای خۆی بەجێهێشـت لە بوارەکانی سـیاسـی وئابوریی و کۆمەلایەتی و ئاینی نوسـرابوون .{التنوخی :١٩٧١م ،١٦٩/٣ ؛ الهمذانی: (د.ت)،ص٣٩١ ؛ ابن الجوزی : ١٩٩٢م ،ص١٤}.

هەروەها چەندانی تر مافی ئەوەیان پێدرابوو ببن بەنوسـەر وفەرمانبەر لە دیوانی میرانی بوەیهی و خەلیفەکانی عەباسـی، ناموسـلمانەکان لەکاری نوسـەری شـارەزا بوون بۆیە زۆربەیان ئەوپۆسـتەیان پێدەدرا لەوانیش وەکو ( الحسن بن بشر النصراني ) لەسەردەمی میر( بختیار) ،سالی( ٣٦٤ک/ ٩٧٤ز)، نوسەری خەلیفە (الطائع لله (٣٦٣-٣٨١ک ) بوو.{مسکویە :(د.ت) ،٣٥٩/٢ ؛ سلیمان:١٨٩٩م ،ص٩٤}.

(ابوعلاء ابن ابرونا النصـراني)نوسـەری (دیوانی الدار) بوو لە بەغدا لەسـەردەمی میر(عضـدالدولە) بویهی لەســاڵی(٣٥٢-٣٦٩ک/٩٦٣-٩٧٩ز). {مســکویە:(د.ت) ،٣٥٩/٢-٣٧٤ ؛ یـاقوت الحموی: ١٩٩٣م ،٩١٧/٢} .

وەهەندێک لەپۆســتەکانیتر کە ئەهلی زیممە وەریان گرت لەبوارەکانی (نوســەر و چاودێر و جێگری وەزیر و وەزیر و بەرپرســی گەنجینە و بەرێوەبەر (والی) ناوچە و شــارەکان، شــایەنی باســە میرە بوەیهیەکان مافی تەواییان داوە بە ناموســلمانەکان بۆ ئەوەی کارەکانیان ئەنجام بدەن و بتوانن خزمەت بەدەولەتی بوەیهی بکەن وە پۆستی گرنگ وەربگرن لە دەولەت بەجوانترین شـیوە بەریوەی ببەن بەبێ جیاوازی گرنگترین ئەوکەســایەتی و ئەوپۆســتانەی وەریان گرتوە هەندێکیان لێرە ئاماژە پێدەدەین، وەکو (ابو اسحاق یحیی بن سریج النصراني) فەرمانبەربوو لە دیوانی خەراج لەسەردەمی خەلیفە(المطیع(٣٣٤-٣٣٦ک) ،(والطائع(٣٣٦-٣٨١ک)، لەماوەی ســاڵانی (٣٠٠-٣٧٧ک/٩١٢-٩٨٧ز) .{یاقوت الحموی : ١٩٩٣م ،٦٩٢/٢ ؛ الصفدی :١٩٦٣م ،٤٢٨/٨} .

هەروەها (ابوحسن طازاد بن عیسی النصرانی) نوسەری خەلیفە (المطیع) بوو لەساڵی(٣٣٤ک/٩٤٥ز)، هەروەها (ابوجعفری الصمیری) کردە والی (واسـط)، وە (ابو علی بن ابراهیم النصـراني ) دانرا لەلایەن میر(معزالدولە) وەکو بەرپرســی خەزێنەی ووڵات ســاڵی(٣٥١ک/٩٦٢ز)، هەروەها ابوعلاء ابرونا) کرا بەنوسـەری دیوانی خانوبەرە لەلایەن میر(عضـدالدولە) دانرا لەساڵی(٣٥٢ک/٩٦٣ز). {مسـکویە :(د.ت) ،١٩٧/٢-١٩٨ ؛ الهمذانی :(د.ت) ،ص٣٥٩-٣٦١ ؛ یاقوت الحموی : ١٩٩٣م ،٩٨٢/٤} .

هەروەها (ابن ازرق النصــرانی) لەســەردەمی میر (بختیار) ســاڵی(٣٥٨ک/٩٦٨ز)، وە(ســهل بن بشــر) لەســەردەمی میر(عزالدولە بختیار) کرا بەنوســەر لە( ئەهواز) لەساڵی(٣٦٠ک/٩٧٠ز) ، (ثابت بن سـنان الحرانی الصــابئي) ببو بەنوســەر لەلای میر (معز الدولە)، وە (العلاء بن حســین بن وهـب) ببو بە فەرمـانبەر لەدیوانی تۆمـارکردن و نوســین لەســاڵی(٤٣٢ک/١٠٤٠ز)، ئەمەیـان بۆمـاوەی (٦٥)ســاڵ لەخزمەتکردن مایەوە .{مســکویە :(د.ت) ،٣٥٦/٢-٣٥٧ ؛ یاقوت الحموي :١٩٩٣م ، ١٦٣٣/٤-١٦٣٥ ؛ ابن خلکان :١٩٣٠م ،٤٨٠/٣ ؛ التنوخي :١٩٧٢م ،٢٤٤/٣} .

جێی ئاماژەیە میرانی بوەیهی بەبێ گوێدانە جیاوازی مەزهەبی و جیاوازی ئاینی پۆســتەکانیان داوە بەکەســی شـارەزاو پسـپۆر لەبواری بەریوەبردندا بەتایبەتی لەبواری سـیاسـی و کارگێریی دەولەت و

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(١)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

بەڕێوەبردنی دیوانەکان، بۆیە دەبینین ئەهلی زیممە لەدەولەتی بوەیهی لەتەواوی سەردەمەکان پۆستی بالایان وەرگرتوە توانیانە بەجوانترین شێواز بەڕێوەی ببەن وجێی متمانەی میرانی بوەیهی بن.

## تەوەرەی دووەم : مافی (أهل الذمة) ناموسلمانەکان لەرووی کۆمەلایەتی و ئاینیەوە:

مێژوونوسان لە سەرچاوەمێژوویەکاندا باسی ئەوەمان بۆدەکەن کە ئەهلی زیممە مامەلەیەکی زۆرباشیان لەگەڵ کراوە لەکۆمەڵگەی ئیسلامی و ڕێزێکی زۆریان لێگیراوە تەواوی مافەکانیان بۆ دەستەبەرکراوە، ناموسلمانەکان توانیان جێگەی خۆیان بکەنەوە لە کۆمەڵگەی موسلمانان و لەناوەندە حکومیەکان بۆ بەڕێوەبردنی وولات تێکەلّی کۆمەڵگەی ئیسلامی و موسلمانان ببوون وەکوو چەند گەرەک ویەکەی نیشتەجێبوون دروست بوون لەشارەکانی دەولەتی عەباسی بەگشتی و دەولەت بوەیهی بەتایبەتی،کەتێیدا دابونەریت و سروتە ئاینیەکانیان تێدا ئەنجام دەدا بەشێوەیەکی ئازادانە،هەروەها خەلیفەی عەباسی و میرانی بوەیهی هەولیاندا مافە کۆمەڵاتیەکانیان بۆدەستەبەربکەن ،ڕێگە بەچالاکیەکانیان بدە بۆئەوەی هەست بەهیچ کەموکوریەک نەکەن لە دەوڵەتی ئیسلامی. {فهمی سعد :١٩٨٣م ،ص٥٠}.

ئەهلی زیممە تا ئاستێکی زۆر ئازادی و سەربەخۆبونە لە کارەکانیان ئەمەش وایکردووە بتوانن مافە ئاینیەکانیان و ڕێورسمەکانیان جێبەجێ بکەن و ڕێز لەپەرستگاکانیان گیراوە و ڕێز لە بیر و بۆچونەکانیان گیراوە.

هەروەها پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکانی نێوان موسلمانەکان و ناموسلمانەکان لەئاینی ئیسلام دیاری کراوە کەموسلمانان دەتوانن ئافرەتی ناموسلمان بهێنن مافی ئەوەشی هەبێت لەسەردینەکەی بمێنێتەوە، لە ئایندا خواردن وخوردنەوەی ناموسلمانان ڕێگەپێدراوە بەشداری بۆنە و جەژنەکانی یەکتریان کردوە پیرۆزباین لەیەکتری کردوە و خواردنیان ئالوگۆرکردوە .

لەساڵی (٣٦٣ک/٩٧٣ز) خەلیفە(المطیع لله) بەیانامەیەکی دەرکرد رایگەیاند کەئەو پابەند دەبێت بە پارێزگاریکردن و پاراستنی مافی ناموسلمانەکان و دەبێت هەموو موسلمانان پێوەی پابەند بن. {ابن

الجوزيي:١٩٩٢م، ٢٢٢/١٤} . بەڵام هەموو خەلیفەکان وانەبوون هەندێکیان چەند ئەرکێکیان سەپاند بەسەر ئەهلی زیممە کەدەبوو پێوەی پابەند بن.

لەساڵی (٤٢٩ک/١٠٣٧) خەلیفە (القائم بامرالله) ئەهلی زیممەی ،ناچار کرد کەجلێکی تایبەت لەبەر بکەن کەجیایان بکاتەوە لەموسلمانەکان ئەمەش بەمەبەستی ناسینەوە و چاودێریکردنیان بوو لەلایەن دەولەتەوە، ئەم کارەش لەلایەن هەموو خەلیفەکان پەیرەو نەدەکرا، لە هەمانکاتدا زۆر هاوکاری دەکران رێزێکی زۆریان لێدەگیرا لەلایەن میرە بوەیهیەکانەوە وەکو میر( فناخسرو) ،زۆر هاوکاری و ئاسانکاری بۆ ناموسلمانەکان کرد لەبابەتی یادکردنەوەی بۆنە ئاینیەکانیان و نۆژەنکردنەوەی پەرستگاکانیان و سەلامەتی دڵنیای لەکارکردن لەبازار لەگەڵ موسلمانان ئەمەش بۆئەوەی بتوانن بژێوی رۆژانەیان پەیدا بکەن ژیانێکی سەلامەتیان هەبێت کەس مافەکانیان پێشێل نەکات چونکە سالی(٤٢٢ک/١٠٣٠ز) هەندێک لە خەلکی بەصرای هێرشان کردە سەر جولەکەکانی ناوچەی کەرخی بەغدا و تالانی زۆرییان کرد وە چەندین کەسیان لێکوشتن. {ابن الجوزی :١٩٩٢م، ٢٩١/١٤ ؛ الخربوطلی: ١٩٩٤م ،ص٢١٥} .

لەدوای دەرچونی بریاری پاراستنی مافی ناموسلمانەکان لەساڵی(٣٦٣ک/٩٧٣ز) لەناوەراستی سەدەی چوارەمی کۆچی هۆکاری دڵنیای زیاتری پاراستنی مافی ناموسلمانەکان بوو، هەرچی(صابیئە و مەسیحیەکان) بوون توانیان چەندین پۆست وەربگرن لەبواری پزیشکی و خزمەت بەو بوارە بکەن ، پلەوپایەیان لەلایەن میرانی بوەیهی بەرزبویەوە، هەروەها (مەجوسی) زەردەشتیەکان هاندێک پۆستیان وەرگرت لەبواری سیاسی وکارگێریی بەلام مەسیحی و جوولەکەکان لەبواری ئابوریی وسیاسی وبازرگانی زیاتر بەشداریان هەبوو. {القفطی :١٩٢٥م ،١٠٢٥م،ص١٥٨ ؛ احمد عیسا بک :١٩٨١م ،ص١٩}.

ئەم چینە مافی خوێندن وچوونە قوتابخانەیان هەبووە چەندین قوتابخانەیان هەبووە تایبەت بە زمان و ئاینەکەیان، زانستەکانیتریشی لێدەخوێنرا وەکو قوتابخانەی (سوار – فومبیدیە) کە دوو لەقوتابخانە بوون لەبەغداد زیاتر پەیرەوانی ئاینی جولەکە دەرسیان تێدا دەخوێند لە بەغدا کەتاوەکو سەدەی(٤ک/١٠ز) بەردەوام بوو. { متز :١٩٧٥م، ٧٨/١ ؛ غنیمە :١٩٩٧م ،ص١٣٠} .

ئەم چینە لەرویی کۆمەلایەتیەوە چینی ناموسـلمانەکان وەکو موسـلمانەکان سـەیر دەکران بۆ نمونە لەسەردەمی سەرەتای دەولەتی ئیسلامی ئەگەر(کەسێکی موسلمان کەسێکی ئەهلی زیممەی بکوشتبا ) ئەوا پێغەمبەر(د.خ) فەرمانی دەکرد بە کوشتنەوەی موسلمانەکە .الکاسانی :١٩٨٢م، ١١٤/٧} .

هەندێک جار ئەهلی زیممە پێشـێلی ئەومافانەیان دەکرد کەبۆیان دانرابوو لەلایەن دەولەتەوە، لەوانەش مەجوسـیەکان هەندێکیان لەسـەدەی چواری کۆچی/دەی زاینی ،واخۆیان دەردەخست کەموسـلمان بوون بەلام لەژێرەوە خەریکی بلاوکردنەوەی فکرەی جیاواز بوون بۆتێکدانی کۆمەڵگای موسلمانان لەوانەش وەکو(مهيار بن مزوريه ابوحسن) وایدەردەخست بۆتە موسلمان بەڵام کاریدەکرد لەسـەر تێکدانی کۆمەڵگا، بەهۆی ئەمانەوە چەندین فکرەی جیاواز پەیدابوون لەناو کۆمەلگای موسلمانان.{القلقشندی :١٤٠٧ه ، ٢٥٤/١٣} .

هەرچی جولەکەو مەسـیحیەکان بوون توانیبویان خۆیان لەگەڵ کۆمەڵگای ئیسـلامی بگونجێنن مافەکانیان وەربگرن چەندین پۆسـتی باڵایان لەناو دەولەتی بوەیهی وەرگرت، هەندێک جار شـەری تاکەکەسی رویدەدا لەنێوان موسـلمانان و ئەهلی زیممە وەکو دەبینین لەسالی(٤٢٢ک/١٠٣٠ز) شـەری نێوان جولەکە و خەڵکی بەسـرە رویدا کەدواتر بووە هۆی تـاڵان کردن و هەلکوتانە سـەرماڵی ناموسلمانەکان ئەم روداوانەش کاریگەری خراپی هەبوو لەسەر کۆمەڵگای موسلمانان بۆ پێکەوەژیان. {ابن الجوزی :١٩٩٢م، ٢١٤/١٥} .

هەروەها سـەدەی چوار وپێنج کۆچی بەوە ناسـرابوو خەلیفەکان بێدەسـەلات بوون دەسـەلات تەواو لەدەسـت میرانی بوەیهی دابوو بۆیە موسـلمانەکان و ناموسـلمانەکان بەردەوام هەولیان دەدا بۆپاراستنی مافەکانیان لەلایەن دەولەتەوە،

چەندین جار موسـلمانەکان بەشـداری بۆنە ئاینیەکانیان کردوە لەخۆشـی ناخۆشـی دا بەشـداریان کردووە بۆنمونە بەخاکسپاردنی خێزانی (نصر بن اسرائيل) النصرانی،کەسایەتیەکی ئاینی نصرانیەکان بوو لەساڵی (٤٠٣ک/١٠١٢ز)لەشاری بەغدا،ئەمەش کاریگەری هەبوو لەسەر ئاسایی بونەوەی پەیوەندی نیوانیان، دەولەت رێگەی پێدابوو لەسەر ئەنجامدانی سروتە ئاینیەکانیان نۆژەکردنەوەی کەنیسە و دێرەکانیان وەکو سـاڵی٤٤٣ک/١٠٤٩ز) رێگادرا بە (سـاموئیل) بەنۆژەنکردنەوەو و ئاوەدانکردنەوەی کەنیسـەیان لەشـاری بەغدا ، هەروەها رێگە بەقەشـە (یوحەنا) درا بە نۆژەنکردنەوەی کەنیسـەکان

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(١)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

لەشاری بەغدا ئەویش لەساڵی (٤٤١ك/١٠٤٩ز) .{الصابي:١٩٩٨م، ٤٨/٤ ؛ ابن الجوزي :١٩٩٢م، ٣٠٣/١٥ ؛ ابن العبري :١٩٨٣م ،ص٧٥}.

لەمافی خواستن و ژن و ژنخوازی لەنێوان موسلمان و ناموسلمانەکان چەندین پەیوەندیی کۆمەلایەتیان هەبووە کەموسلمانان دەیان توانی ئافرەتی ناموسلمانەکان لە(أهل الكتاب) بخوازن، بەلام نەدەبوو ئافرەت بدەنە ناموسلمانەکان، شایەنی باسە ناموسلمانەکانیش لەسەدەی چواری کۆچی ئافرتیان نەدەدا بە موسلمانەکان بۆ هاوسەرگیری بۆپاراستنی رەگەز و ئاینی خۆیان، لە کاتێکدا موسلمانەکان بەشداری بۆنە و جەژنەکانی ناموسلمانەکانیان دەکرد لەبغداد بۆ بەسەر بردنی کاتێکی خۆش لەگەڵ یەکتری.{الانطاكي : ١٩٩٠م، ٢٧٦/١ ؛ فهمي سعد:١٩٨٣م ،ص٢٥٢} .

(بەیرونی) ئاماژەی بە چەندین بۆنەی مەسیحیەکانەوە کردوە وەکو (الميلاد- فصح- المسيح- الدنح السمع- الصوم- العشانين- غسل ارجل الحوارين، قيامة...) بەتایەتی لەجەژنی (العشانين) کەتێیدا موسلمانەکان لەگەڵ مەسیحەکان بەشداریان دەکردوە و یاری و دڵخۆشی خۆیان دەربریوە ، خواردن و خواردنەوەیان پێشکەش بەیەکتی دەکرد لەگەڵ یەکتر کاتێکی خۆشیان بەسەر دەبرد.{التنوخي :١٩٧١م، ٣٢٤/٤} .

هەروەها ناموسلمانەکان (مەسیحیەکان) لەکاتی بۆنە و جەژنەکانیان ئەو مافەیان پێدرابوو کەوا بەشێوەیەکی ئازادانە بۆنەکانیان بگێرن بەم شێوەیە (مەسیحیەکان چوار رۆژ خۆشیان دەردەبری لە جەژنی (رۆژو گرتنی گەورە) هەر رۆژەو لەکەنیسەیەک ئاهەنگ و خۆشیان دەگێرا لە شاری بەغدا ئەوانیش کەنیسەکانی (ديرالعاصية- دير الزراقية- دير الزندورد- ديرالدرمالس) . اصفهاني :١٩٩١م، ص٣-٤-١٤} .

کەمینەی مەسیحەیەکان بەشێکیام لەهەرێمی فاەس دەژیان ،مافیان پارێزراوبوو لەلایەن دەوڵەتەوە جگە لەوەی چەندین پۆستی سیاسیان هەبوو، زۆربەی پزیشکەکان لە مەسیحیەکان بوون بەرپرسی نەخۆشخانەکان بوون، کە زۆربەیان لەناوچەی (نوبجان) دەژیان ، میر( عضدالدوله) هەستا بە نۆژەنکردنەوەی کڵێساکان و چاکردنەوەیان پارەی بۆهەژار و نەخۆشەکانیان بریوەتەوە. {المقدسي :١٩٨٧م، ص٤٣٩ ؛ ابن الاثير :١٩٧٩م، ٥١٨/٨ ؛ كلود كاهن :١٣٩٠ه ،ص٤٢٩}.

بۆیە دەولەتی بوەیهی بەهیچ جۆرێک کاری پەرستش و ئاینداری و کاری رۆژانە و پەیداکردنی بژێوی ژیانیان لەسەر قەدەغە نەکردوون بەلکو هاوکاری بەهێزی کردوون بۆئەوەی بتوانن بەباشترین شیوە بژین.

جولەکەکان هەمان مافیان هەبوو لەبەرزراگرتنی بۆنە ئاینیەکانیان وەکو ئاینەکانیتر، ئەگەرچی جولەکەکان بەو شـیوەیەی مەسـیحیەکان بەگەورەیی ئاهەنگیان نەدەگێرا بەڵکوو هەمویان لەسـەر مەرقەدی (عزقیال) لە نزیک شـاری (بەغدا) کۆدەبونەوە و شـوێنێکی پیرۆزبوو هەم وەکو حج وابوو بۆسـەردانیکەرانیان جگەلەوەش نوێژیان تێدادەکرد نزا و پارانەوەیان تێدا ئەنجام دەدا. {التطیلی :١٩٤٥م ،,١٤٣} .

بەدلنیایەوە ناموسـڵمانەکان رێورسـمە ئاینیەکانیان جێبەجێکردوە وەکو مافێکی ئاینی خۆیان، لەزۆربەی شارەکانی وولات (دێر و کەنیسە) بونی هەبوە هەتا لەپایتەختی دەولەت کە(بەغدا) ناوەندی خەلافەت بوو .{ابن الجوزي،١٩٩٢م، ٢٥٨/١٦}. تەنیا ژمارەی کەنیسەی یەهودیەکان زیاتر لە بیست دانە بووە لە وولات .{التطیلی: ١٩٤٥م ،ص٣٠٤} .

بەلام (یاقوت الحموی) دەلێ : (ژمارەی پەرسگای یەهودیەکان نزیکەی (٢٥) دانەبوون کە بەجوانترین شـێوە رازێنرابونەوە و جوانکاریان بۆ کرابوو پەرسـتش و بۆنەی ئاینیەکانیان تێدا دەگێرا .{معجم البلدان ٩٩٣م، ،٥٢٥/٢} .

وەکو ئەوەی شارناس ( ئیدریسی) باسیان دەکات لەکتێبی(نزهەالمشتاق) ،دەلێ زۆربەی ئەوکەنیسانە مێژوویـان بۆ سـەردەمـانی پێش دەولەتی بوەیهی دەگەرێتەوە جگە لەوەش دەولەت پـارێزگـاری لێکردووە دوبارە نۆژەنی کردوەتەوە بۆیان، پاراسـتویەتی لە تێکدان و لەناوچون.{ الادریسـي :،(د.ت)، ٣٦٢/١ ؛ القزويني (د.ت)،ص١٥٠} .

هەروەها جولەکەکـان وەکو مـافێکی ئـاینی خۆیـان سـالانە هەلـدەسـتـان بەیـادکردنەوەی بۆنەو ئاهەنگەکان چەندین بۆنەو جەژنیان هەبوون وەکو(جەژنی سـەری سـال-جەژنی صـوماریا-جەژنی الصـوم-عیدالفطر...) کەهەلدەسـتان بەئاهەنگێران بەئازادی وەدەولەتیش مافی پاراسـتنی ئەوانەی لەسەر شان بوو.{البیرونی :١٩٢٣م ،ص٢٨٤} .

هەروەها (سـابیئەکان) وەکو هەمو ئاین و نەتەوەکانی تر خاوەن مافی ئاینی خۆیان بوون کەسـاڵانە جەژن و بۆنەکانیان یاد دەکردەوە جەژنەکانیان بەگوێرەی هەسارەکان بووەە چەندین جەژنیان هەبوو وەکو (جەژنی الذهبانة- البخت الکبیر- المظال- هرمس- دمیس- دیلفتان- عمید دورنا...)، (سـابیئەکان) لە زۆربەی بۆنە ئاینیەکاندا ئاهەنگی گەورەیان ئامادە دەکرد و دیاریان بەسـەر یەکتری دابەش دەکرد لەهندێک لە بۆنەکانیان لە موسـلمانەکان دەچوون چونکە هەلدەسـتان بەلەبەرکردنی جلی تازە وهەروەها شـیرینی گێران، هەروەها سـەردانیکردنی یەکتری و خۆشـیی دەربرین. { الماجدی: ١٩٩٧م ،ص٣٨-٤٠ ؛ محمد الجزائيري :٢٠٠٠م ،ص٢٠٨} .

هەرچی زەردەشیەکان (مجوسي) بوو خاوەن مافی خۆیان بوون بۆ ئەنجامدانی بۆنە و یادی تایبەت بە خۆیان ، وەکو (سـەری سـالی فارسـی- جەژنی نەورۆز- جەژنی المهرجان..) جەژنی نەورۆز یەکێک بوو لەو جەژانەی کەوا موسـلمانانیش بەشـداریان تیدادەکرد لەگەڵ میر و خەلیفەکان دیاریـان پێشـکەش بەیەکتری دەکرد و خواردن دابەش دەکراو چێشـت لێدەنرا لەمالەکان لەو رۆژەدا ببو بەجەژنێکی گشتی لەدەولەتی بوەیهی . {حسن الزین :١٩٨٢،ص٣٩}.

مەجوسـیەکان (زەردەشـتی) لەهەرێمی فارس ژمارەیان زۆربووە لە دوای ئاینی ئیسـلام ئاینی مەجوسـی زۆرینە بووە لەرووی زۆری پەیرەوانیەوە ،هەروەها ئازادی تەواویان هەبوو لەجێبەجێ کردنی پەرسـتشـەکانیان لەدەولەتی بوەیهی چەندین جەژنیان هەبوە بەشـیوەیەکی ئازادانە یادی جەژنەکانیان کردۆتەوە وەکو جەژنی(نەورۆز- مهرجان- بۆنەی بهمجنە- بۆنەی کرد فناخسرو) میرانی بوەیهی لەجەژنی نەورۆز دیاریان بەیەکتری بەخشیوە پیرۆزبایان لەسەربازەکان کردووە . {مسکویە (د.ت)، ٤٧٥/٥ ؛ ابن الأثير :١٩٩٧م، ٢٣٧/٨ ؛ المقدسي :١٩٨٧م، ص٤٤١ ؛ الروذرواري :٢٠٠٢م، ص٦٧}.

(بەیروني) دەلێت لەسالیادی بۆنەی فناخەسرو میر (عضدالدوله) هەستا بە بنیاتنانی شاری ( فناخسرو ) کەسـالانە بۆماوەی یەک هەفتە ئاهەنگ و خۆشـی تێدا دەگێردرا ئەمەش بەردەوام بوو تاوەکو بوەیهیەکان لەسەردەسەلات نەمان .{الاثار الباقیە، ١٩٢٣م ،ص٢٨٦ }.

لەبارەی جلوبەرگەوە ئەهلی زیممە هەندێک جار ئەو مافەیان نەبوو کەوا هەموو جل و بەرگێک لەبەر بکەن بەڵکو جل و بەرگەکانیان لەلایەن خەلیفە و میرەکانەوە دیاری دەکرا، وەکو جولەکەکان دەبوو دووقایش ببەسـتن یەکێک لەسـەر سـنگیان یەکێک لەسـەر کەمەریان عەمامەی زەردیان دەبەسـت

،هەروەها نەدەبوو کەواو سـەلتە و عەمامەی لەبەر بکەن یان ببەسـتن کە هاوشـێوەی موسـلمانەکان بێت چونکە ئەمە جلوبەرگی خەلیفە و میرەکان و وەزیر و والی کاربەدەســتەکان لەبەریان دەکرد. {الخربوطلي:١٩٩٤م، ص١٤٤ ؛ احمد مطلوب :١٩٩٥م ،ص٨٨} .

ئەم جیاکردنەوانە بۆ مەبەستی ڕێکخستن و یەکپۆشیان وناسینەوەیان بوە، وەکو (یوسف القرضاوی) دەڵێت (ئەم جیاکردنەوەی جلوبەگە وەکو ناســنامەیەکی کەســی وابوو بۆناســینەوەی ئاینەکان و کەسەتایبەتەکان ) .{غیرالمسلمون فی المجتمع الاسلامی:١٩٧٧م،ص٦٤ ؛ العبیدی :١٩٨٠م ، ،ص٤٧} .

هەروەها ناموسـلمانەکان لەلایەن (محتسـب) ەکانەوە، چاودێری دەکرا بۆئەوەی جل و بەرگی تایبەتی خۆیان لەبەر بکەن، هەروەکو خەلیفەی عەباسی لەساڵی (٤٠٣ک/١٠٣٧ز) فەرمانی دەرکرد بەپابەندبونی ئەهـلـی زیـمـمە بەو مەرجـانەی کەبـۆیـان دانـراوە لە لەبەرکـردنـی جـل و بەرگـیـانەوە،هەروەهـا لەســاڵـی(٤٢٩ک/١٠٣٧ز) جـارێـکـیـتـر بـریـار دەرچـوو لەلایەن خەلـیـفە (الـقـائـم(٤٢٢-٤٦٧ک)، کە ناموسـلمانەکانی پابەند دەکرد بۆ ئەوەی پەیوەسـتبن بە لەبەرکردنی جل وبەرگی تایبەتیان ئەوانیش (مەســیحی و جوولەکە )بوون کە دەبوو مەســیحەکـان جلوبەرگی ڕەنگی شــین لەبەر بکەن جولەکەکانیش دەبوو ڕەنگی ڕەش لەبەر بکەن. {ابن الجوزی :١٩٩٢م ٩٢/١٥ ؛ الناشی: ١٩٨٣م، ص٢٨}.

ئەوبڕیارەی دەرچوو لەلایەن خەلیفەی عەباســیەوە بۆ ئەوەی ئەهلی زیممە پۆشــاکێک لەبەر بکەن جیاواز بێت لەگەڵ موسـلمانەکان، بەڵام ئەو بریارە لەهەرێمی فارس بەتەواوی جێبەجێ نەکرا، بەڵکو پشــتیوانی تەوایـان دەکرا لەلایەن دەوڵەتەوە، وەکو (أبو أعلی المودودی) دەڵێ نـاموســلمـانەکـان بەشـێکن لە ئیمە و هەموو بیروباوەڕو دابو نەریت و شـوێنی پەرسـتشـەکانیان دەبێت پارێزراو بێت لەلایەن دەولەتەوە.{المودودی :١٩٨٠م ،ص١٩} .

دەولەتی بوەیهی هاوکاری باشــی کردوون بۆ ئەوەی دوبارە دێرو کلێســاکانیان ئاوەدان و نۆژەن بکەنەوە، وەکو دەبینین میر(عضـدالدوله) وەزیر (نصـر بن هارون) ڕاسـپارد بۆئەوەی بینایەکی گەورە بکرێت و بیکات بە کڵێسا و بۆ مەسیحیەکان ،هەروەها یارمەتی مەسیحیە کەمدەرامەت وهەژارەکان بـدات ،لەنـاو ئەودێرانەی کەوا نۆژەنکرانەوە لە هەرێمی فـارس بریتـی بوون لە(دێرالابلق-دێر النوبندجان) . {مسکویه :(د.ت) ٤٠٨/٣ ؛ ابن الاثیر :١٩٩٧م ١٠١/٧ ؛ یاقوت الحموي :١٩٩٣م ٤٩٦/٢ ؛ ابن حوقل (د.ت)ص٣٤٢ ؛ الثعالبي :٢٠٠٠م ،٣٩٥/٢} .

بەلام لەهەرێمی فارس لەبارەی پۆشـاکی ئەهلی زیممە لەسـەدەی(٤ک/١٠ز). هیچ جیاوازیەک نەکراوە لە نێوان پۆشـاکی موسـلمانان و ناموسـلمانەکان لەلایەن دەوڵەتەوە بەڵکو سـەرپشـک کراون بۆ لەبەرکردنی پۆشاکەکانیان، بەڵام لەسەدەی (٥ک/١١ز) ئەهلی زیممە دەبووایە چەند قایشێک ببەستێت بەتایبەتی مەسـیحیەکان کەقایشـێکیان دەبەسـت بەناوی (زونار) لە کەمەریان دەبەسـت ،بەلام یەهودیەکان دووقایشـیان دەبەسـت یەکیان بەسـەرشـانیەوە بوو ئەوەیتر لە کەمەریان دەبەسـت، هەروەها زەردەشتیەکان دەبوو (غەیار) ببەستن وەکو سەرشانی ئافرەتان وابوو، هەموویان دەبوایە جلوبەرگی جیاواز بپۆشن تاوەکو لەجلوبەرگی موسلمانان جیاواز بن، هەروەها زەردەشتیەکانی شیراز پۆشـاکی زەردیان لەبەردەکرد .{صـاحب بن عباد،رسـائل،ص٤١ ؛ المقدسـي :ص٤٢٩ ؛ ابن جوزي :١٩٩٢م، ٩٦/٨} .

هەروەها دەولەت هەستا بەپاراستنی پەرستگای زەردەشتیەکان و ئاوەدانکردنەوەیان ئەوەش وەکو مافێکی ئاینی ناموسـلمانەکان یەکێک لەشـوێنە پیرۆزانەیان بەناوی( بيت نار) بوو لەشـاری شـیراز .{الاصطخري :١٩٦١م ،ص٦٨ ؛ المسعود :١٩٨١م، ٢٥٣/٣-٢٥٥} .

هەرچی (سـابیئەکان) بوون ئەوان زیاتر جلوبەرگی تـایبەتی خۆیـان لە بەردەکرد لە بۆنە و یـادە تایبەتیەکان بەناوی (رسـتە)، هەروەها لەبۆنەی ژن گواسـتنەوە و بەرێکردنی مردوو بۆ گۆرسـتان و نـاشـتنی لەکـاتی قوربـانی کردن و بۆنەی (التعمیـد)، ئەوجلەتـایبەتیەیـان لە بەردەکرد بۆ ئەوەی بناسرێنەوە کە کامە ئاینن ئەمەش بەهۆی جلوبەرگیانەوە دەناسرانەوە. {الناشيي :١٩٨٣م ،ص٢٨ } .

## تەوەرەی چوارەم :مافەکانی ( أهل الذمه) لەرووی ئابوریی وە :

ناموسـلمانان رۆڵێکی بەرچاویان هەبووە لەپێشـخسـتنی ئابوریی لە دەولەتی بوەیهی چونکە خاوەنی سەروەت و سامانێکی زۆربوون ،دەولەتیش هاوکاری وپشتگیری دەکردن لەم کارەیان ، ناموسلمانەکان بەشـداریەکی کاریگەریان هەبوو لە بازاری رۆژانەی شـاردا کە شـانبەشـانی موسـلمانەکان پێکەوە لە کاردابوون، هەروەها میرانی بوەیهی وەکو مافی نـاموسـلمـانەکان هەندێکجار لەرێگەی وەزیرەکان هاوکاری ئەهلی زیممە یـان دەکردو وەکو وەزیر(نصـر بن هارون نصـراني)لەسـالی(٣٦٩ک/٩٧٩)، لەسەردەمی میر (عضدالدوله)(٣٧٢ک/٩٨٢ز) ،هاوکاری بەسەر هەژارە ناموسلمانەکاندا دابەش دەکرد

لەشـــاری شـــیراز لەهەرێمی فارس.{ابن الكثير :١٩٨٨م ،٣١٥/١١ ؛ النويري :١٩٨٥م ،٢١٩/٢٦ ؛ مســـكويه :(د.ت) ،٤٠٨/٢}.

باجەکان لەسەر ئەهلی زیممە زۆربون ئەمەش کاریگەری گەورەی هەبوو لەسەر چالاکیە بازرگانیەکان بوە هۆی کەمبونەوەی چالاکی بازارگانی ناموســـلمانەکان چونکە دەبوو باجێکی زۆربدەن لە هێنان و بردنەدەرەوەی هەرکاڵایەک، هەندێک جار باجی زیادەشـیان بەسـەردا دەسـەپاندن وەکو لەسـەردەمی میر(بهاء الدولة) سالی(٣٩٢ک/١٠٠١ز) لە رێگەی کاربەدەستەکەی بەناوی (ابو علی الاسکافی) کەهەستا بە زیاد کردنی باج لەسەر جوولەکەکان. {ابن کثیر:١٩٨٨م، ٣٥٥/١١}.

میـر(بهـاء الـدوله) هەســـتـا بەزیـادکـردنـی بـاج بەســـەر موســـلـمـان و نـاموســـلـمـانەکـان لەســـالی(٤٠٣ک/١٠١٢ز)،لەهەرێمی فارس بەئەم باجە زیادانەی دەســـەپا بەســـەر ناموســـلمانەکان لەسەردەمی میرانی بوەیهی پێشتر روینەداوە.{ابن کثیر :١٩٨٨م، ٣٧٥/١١}.

هەروەهالەبابەتی (الخراج - سـەرانە) دەبوو هەمووکەسـێک بیدات بەموسـلمان و ناموسـلمان ئەویش بەشیوەی سالانە دەدرا،هەروەکو لەسالی(٣٨٩ک/٩٩٨ز)کاتێک (ابونصر سابور)وەزیر بوو باجی زیادەی خســـتە کشـــتوکالی ئەمەش بۆســـەر موســـلمان و ناموســـلمانەکان بوو ، ئەم باجە زیادانە کاریگەری خراپیـان هەبوو لەســـەر ژیـانی هـاولاتیـان کەئەمەش وایکرد بەشـــێـک لەهـاولاتیـان مەســـیـحیی شوێنەکانیان بەجێ بهێلن وەکو مەسیحیەکانی تکریت. {المقدسی : ١٩٨٧م ،ص١١٨ ؛ یاقوت الحموي :١٩٩٣م ،٣٨/٢}.

شـایەنی ئاماژەیە میرانی بوەیهی سـیاسـەتێکی جیایان پەیرەو دەکرد نەلەسـیاسـەتی خەلیفەکان و نەلە سـیاسـەتی میرانی پێشـخۆیان نەدەچوو ئەویش سـیاسـەتی پەیداکردنی پارە بوو بۆ ئەوەی خەرجی وپێویسـتی بۆ سـوپا و سـەربازەکان دابین بکەن لەسـەر گیرفانی هاولاتیان ئەمەش لەکاتێک بوو کە وەزیر(ابو الفضل الشیرازی) پێشنیاری ئەوەی بۆمیری بوەیهی کرد تاوەکو باج زیادبکات لەسەر ناموسلمانەکان بۆدەرهێنانی خەرجی سەبازی ،ئەمەش لەساڵی (٣٦١ک/٩٧١ز)، وەکو( مسکویە) دەلێت (باجەکان سەرەتا لە ئەهلی زیممە وەدەگیرا دواتر لەموسلمانان). {تجارب الامم،(د.ت) ،٣٠٨/٢} .

هەروەها لەبابەتی کۆکردنەوەی باج و ســـەرانەدا ناموســـلمانەکان ئەو مافەیان هەبوو ئەوپۆســـتە وەربگرن وە میرانی بوەیهی پشـتیان بە ئەهلی زیممە بەسـتوە، چەندین کەسـایەتیان ئەم پۆسـتەیان

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(١)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

وەرگرتووە، وەکو (اسحاق بن يحيى بن سريج)(ت:٣٧٧ک/٩٨٧ز)، هەروەها (سهل بن بشر) لەلایەن میر (بختيار)کرابوو بە والی ناوچەی (ئەهواز) لەساڵی(٣٦٤ک/٩٧٤ز)، هەروەها (ابو العلاء عيسى بن حسين بن أبرونا) لەلایەن وەزیر (الحسن بن المهلبى) راسپێردرابوو بۆ کۆکردنەوەی باجی ناوشار و دەوروبەری. {مسكويه :(د.ت)، ٣٥٦/٢ ؛ الهمذاني: (د.ت) ،ص٣٨٩ ؛ ياقوت الحموي :١٩٩٣م ،٦٢٩/٢ ؛ الصفدي :١٩٦٣م ،٤٢٨/٨} .

بەشێکی زۆریان لەمەسیحیەکان خەریکی کۆکردنەوەی باج وسەرانە بوون بەردەوام لەخزمەت میری بوەیهی دابوون و فەرمانی میری بوەیهیان جێبەجێ دەکرد نەیان دەتوانی وازبێنن یان جێبەجێی نەکەن لەترسی لەدەستدانی سەروەت و سامانەکانیان دەست بەسەرداگرتنیان لەلایەن میری بوەیهیەوە، ئەگەرچی باج و سەرانەکان ناشەرعیش بونایە.

دەولەت بۆدابینکردنی خەرجیەکانی باجی بەسەر زەوی و شوێنەپیرۆزەکانیشدا سەپاندبوو جگە لەوانە دەبو سەرۆک هۆزەکان و دەولەمەندەکانیش پارە بدەن بەدەولەت بەتایبەتی لەهەرێمی فارس دەبوو هەموو کلێساکان سالانە خەراج بدەن بە دەولەت وەکو ئەوەی لە(مدائن) داواکرا، لەناوئەوانەش زیاتر جولەکەکان زیاتر سەپەرشتی کاری بانک و حەوالەیان دەکرد بۆیە دەبو ئەوان پارەی زیاتر بدەن بەدەولەت..{سبط بن الجوزي : ١٩٩٠م ،ص٢٢١} .

هەروەها ناموسلمانەکان ئەرکی کۆکردنەوەی باج و سەرانەیان لەسەر بوو دەبوو بیانکردبا بە لیستێک و بۆ میری بوەیهیان ناردبا ، سیستەمی کۆکردنەوەی باجیان زۆر نایەکسانی تێدابوو لە نێوان موسلمان و ناموسلمانەکان، لەشێوازی وەرگرتنی باج و سەرانەکان، میرانی بوەیهی هیچ کات هەوڵیان نەداوە ئەوکێشەیە چارەسەر بکەن، بەڵکو تەنیا ئامانجیان چارەسەرکردنی کەمی موچەی سەربازان بوو کەچۆن دەستەبەری بکەن. { الالوسى :١٩٨٤،ص٣١-٣٢}.

ئەم سیاسەتی باج و سەرانە وەرگرتنە لەسەر ئەهلی زیممە و هاڵاتیان بوە هۆی قورسکردنی بارو گوزەرانی هاوڵاتیان و کەمبونەوە داهاتی تاک و خراپبونی ژیانی کۆمەڵگا و بوەهۆی خراپ بونی سەرچاوەکانی داهات لە وولات لەرووی بازرگانی و پیشەسازی و بەرهەمهێنانی بەرهەمی ناوەخۆ.

هەروەها وولاتی عیراق و هەرێمی فارس ناوچەیەکی دەولەمەند بوو لەرووی کشتوکاڵیەوە ،لەرووی بەهەمهێنانی بەرهەمە میوەیەکان لە هەموو وەرزەکان ،بەلام بەهۆی سیاسەتی خراپی بوەیهیەکان

لەروی کشتوکاڵیەوە بوە هۆی ئەوەی خەڵکەکە واز بێنن لە کشتوکاڵی بەتایبەتی ئەهلی زیممە ئەوەش بەهۆی زۆری باجەکانی لە سەریان و تێکچونی زەویە کشتوکاڵیەکان وکەمبونەوەی بەرهەمی ناوەخۆ ئەمەش بەهۆی ئەو باجە زۆرەی لەسەر زەویەکان دادەنرا، هەروەها بەهۆی سیستەمی پێدانی زەوی بە سەربازان لەبری مووچە ئەمەش بوە هۆی لەناچونی زەویەکان لەبەر ئەوەی سەربازەکان ئاوەدانیان نەدەکردەوە. {ابن الاثير: ١٩٩١م ،٤٩٩/٨ ؛ اشتور : ١٩٨٥م ،ص٢٣٠}.

بونی رووباری دیجلە و فورات لە عێراق بوەتە هۆی گەشانەوەی ئابوریی و کەرتی کشتوکاڵی، هەر بۆیە بەشێکی زۆری خەڵکی عێراق خەریکی کاری کشتوکاڵی بوون، بەتایبەتی ئەهل زیممە دەورێکی کاریگەریان هەبوە لەپێشخستنی کەرتی کشتوکاڵی. {بارتولد:١٩٨٣م ،ص٥٦} .

هۆکاری گرنگی دان بەکەرتی کشتوکاڵی لەلایەن ناموسلمانەکان دەگەرێتەوە بۆ دووهۆکار : یەکەم: پیاوانی ئاینی رایانگەیاندبوو کارکردن بەشێکە لە خواپەرستی، دووەم :بەهۆی نیشتەجێ بونی ئەهلی زیممە لەسەررۆخ و کەناری رووبارەکان و دانیشتن لەگوندەکان لەسەر زەویە کشتوکاڵیەکان، ئەمەش بۆ بەدەست هێنانی دونیا و قیامەتیان .{الشابشتي: ١٩٥١م ،ص١٧٥-١٧٦ ؛ الاصفهاني :١٩٩٧م ،ص٢٠-٥٥ ؛ ياقوت الحموي : ١٩٩٣م، ص٢٠٥-٢٠٦} .

هەروەها مەسیحیی و جولەکەکانی لە عیراق و فارس دەرفەتی هەموو کارێکیان بۆرەخسا بوو، کارێکیتریان بریتی بوو لە دروستکردنی (مەی) هەروەها هەولیان دەدا چەندین دەرمانیان لە بەرهەمە کشتوکاڵیەکان دروست دەکرد وەکو ئاوی جۆ و هیتر ئەمەش وایکرد دەولەت چاودێریان بکات ،هەروەها هاوکاریان بکات لەبەرهەم هێنانی دەرمانی زیاتر هەروەها خەریکی دانەوێلە و خەریکی چاندنی پەمۆ بوون لەپیشەسازی رستن و چنین بەکاریان دەهێنا، ئەهلی زیممە بەرهەمەکەیان دەناردەدەرەوەی عیراق بۆ رۆژئاوا و رۆژهەلاتیان دەنارد. {القزويني :(د.ت) ،ص١٦٣-١٦٥}.

هەروەها مەسیحیەکانی شاری (بصرە) کەسانی شارەزابوون لەبەرهەمهێنانی خورما و جۆرەکانی. { الشابشتي :١٩٥١م ،ص١٩٨ ؛ ابن الاثير:١٩٩٧م ،٦٠٨/٦ ؛ الشيزري :(د.ت) ،ص٤٢}.

(مەسیحیەکان و صابیئە)کان،زیاتر خەریکی کاری کشتوکاڵی بوون لە کەنار روبار و لەگوند و بێستانەکان بەتایبەتی لە ناوچەکانی بەغدا و میسان بوون لەسەدەی چوار وپێنجی کۆچی، بەلام هەرچی جوولەکەکان بوون خەریکی کاری بانک و دراو و بازرگانی بوون دەستیان بەسەر

بـازرگـانیەکـانی نێوان شـــارەکـان و نێوان عێراق و فـارس یـان دەوروبەری فـارس داگرتبوو. {الشابشتيي:١٩٥١م ،ص٢٦٥ ؛ المقدسي: ١٩٨٧م، ص١٠٩ ؛ متز: ١٩٧٥م ،ص٦١} .

شایەنی باسە زۆربەی زۆری جوتیارەکان لەبەر زۆری باج وخەراجی سالانە زەویەکانیان بەجێهێشت ،جگە لەوە ساڵی (٣٩٨ک/١٠٠٧ز) لە عێراق بوە هۆی بارینی بەفرێکی زۆر لەناوچەکانی (تکريت و کوفە و عبادان و النهراوان) ئەمەش چەند جارێک دوبارە بویەوە کەبوەیە هۆی زیانگەیاندن و لەناوبردنی بەروبومە کشتوکاڵیەکان. {ابن العبري: ١٩٨٣م ،ص٦١} .

هەروەها لەساڵی (٤٢٠ک/١٠٢٩) ، زریان و رەشەبایەکی بەهێز هەڵیکرد بووە هۆی لەناوچونی کشتوکاڵ و لەناوچوونی دارەکان لە (نوعمانیە و نهروان) ئەمەش زەرەرێکی زۆری بە ئابووری و کشـــتوکاڵی نـاوچەکە گەیـان هۆکـاربوو بۆ لاوازبوونی ئـابووری عێراق و راوەســتـانی چـالاکیە بـازرگـانی و کشتوکاڵیەکان. {ابن الجوزي: ١٩٩٢م ،١٩٤/١٥ ؛ ياقوت الحموي :١٩٩٣م ،٥٢/٢} .

بەگشـــتی دەتوانین بڵێین بەرهەمە کشـــتوکـاڵیەکـان هەنـدێـک کـات بـاش بووە لە عێراق و فـارس لەسـەردەمی بوەیهیەکان لەهەموو بوارەکان گرنگی زۆریش بەو بوارەی دراوە لەلایەن هەندێک میری بوەیهی بەلام زۆرجـار بەهۆی کـارەســـاتە ســروشــتی و مرۆیەکـانەوە وەکو (لافـاو و رەشـــەبـای بەهێز،بڵاوبونەوەی مێرووە زیان بەخشـەکان) بوەتە هۆی لە ناوچوونی بەروبوومە کشـتوکاڵیەکان و تێکچونی زەویە کشتوکاڵیەکان.

ئەهلی زیممە مافی بازرگانیکردنیان هەبوو لە دەولەتی بوەیهی ئەویش بریتی بوو لەبازرگانی کردن لەنێوان عێراق و فـارس یـان عێراق و شـــام یـان عێراق و رۆژهەڵات و رۆژئـاوا، لەنـاو ئەوانەش جوولەکەکـان لەپێش ئەوانیتر بوون خەریکی کـاری بـازرگـانی بوون هەموو بەرهەمە کشـــتوکـاڵی ئاژەڵداریەکانیان هاوردە دەکرد وەکو میوە جۆراوجۆرەکان وەکو(خوری و پیســـت و خورما)چەندین بەرهەمی پیشـەسـازی وەکو لۆکە هیتر، ئەو بەرهەمانەیان هاوردە دەکرد کە وولات پێویسـتی پێبوو. {ابن خرداذبة :١٨٨٩م، ص١٥٣-١٥٤ ؛ حسين المسري :١٩٨٢م، ص٢٩٧ ؛ بدر فهد :١٩٨٥م ،ص٣٩}.

هەروەها بەشـێک لەئەهلی زیممە خەریکی پیشـەسـازی و کاری دەسـتی بوون لە بواری (زێرینگەری و زیوو ئاسـن و تەنەکە و بۆیە و هیتر)، دەوڵەتی بوەیهی ئەومافەی پێدابوون لەبازار کاربکەن دەسـتیان هەبێت لەپێشخستنی پیشەسازی وولات ،بەبێ جیاوازی ئاینی یان نەتەوەیی ،ناموسلمانەکان توانیانە

لەو بوارەدا رۆڵێکی باڵایان هەبێت بەتایبەتی مەسیحی و جولەکەکان لەبواری(بەرگدروو و بۆیەکاری و سابون و جلوبەرگی ئاووریشم هتد).{ابن الجوزي :١٩٩٢م، ٣٠٣/١٥ ؛ الشیزري :(د.ت) ، ص٧٢ ؛ عمادالدین خلیل،١٩٩٠م ،ص١٧١-١٧٢}.

هەروەها ناموسلمانەکان هەڵدەستان بەکڕینی شتی زستانە لە هاوین و بەپێچەوانەوە هەڵیان دەگرت بۆ ئەوەی لەکاتی هاتنی وەرزی خۆی پارەی باش بکات، هەروەها ئەهلی زیممە خاوەنی چەندین خانوو و دوکان و زەوی و شتی جۆراو بوون کەهەڵدەستان بەکرێ دانی ئەو ماڵ وموڵکانە بە دەوڵەت و هاولاتی و خەلکی موسلمان، لەمەشدا پارە و سامانێکی باشیان دەست دەکەوت.{ الیعقوبي :٢٠٠٢م ،ص٢٦١} .

هەندێک لەناموسلمانەکان کاری قەسابی و بازرگانی بەئاژەڵیان دەکرد و سودیان لەبەرهەمەکانی وەردەگرت، هەروەها بەشێکیتر لەمەسیحیەکان بەهاوکاری جولەکەکان کاری پارە و بانکیان دەکرد چونکە جولەکەکان بەوەناسراو بوون کەکاری بانک و دراو گۆرینەوەیان دەکرد و دەستێکی باڵایان هەبووە لەووڵات، وە بەردەوام چادێری دەولەتیان لەسەر بوە تاوەکو بزانرێت ئەو مادەیەی کەپارەی لێدروست دەکرێت تەواوە یان فێلی لەگەڵ دەکرێت.{الشیزري : (د.ت)، ص٧٧ ؛ القرشي: ١٩٧٦م ،ص٢٢٨}.

جولەکەکان لە چینەکانی کۆمەلگا دەولەمەندتر بوون وەدەستیان گرتبوو بەسەر بازرگانی ووڵات و زۆربەی دەولەمەندانی شار لەوان بوون کە ئەومافەیان هەبوو بە ئازادی هەرکارێک کەپێیان خۆشبێ بیکەن وەکوو (بازرگانی و بۆیە کردن وتەنەکەچی پیشەسازی بەهەموو جۆرەکانیەوە هەروەها قەسابی ...).

جولەکەکان لەهەرێمی فارس چینێکی بازرگانی بەرچاویان پێکدەهێنا زۆر چالاکانە کاری بازاریان دەکرد لەگەڵ مەسلمانەکان زۆربەی ئالوگۆری دراو(الصرفه) لەدەست بازرگانە جوولەکە بوە لەشارەکانی (سیراف و شیراز و دورگەی کیش ) ژیاون مامەلەی بازرگانیان ئەنجام داوە بەشیوەیەکی ئازادانە .{الصاحب بن العباد: ١٣٦٦ە، ص٤٥ ؛ الاصطخري :١٩٦١م ،ص١١٨-١١٩ ؛ ادم متز :١٩٧٥م ،٨٣/١}.

هەروەها میرانی بویهی توانیویانە تارادەیەکی باش بۆ ئەهلی زیممە ژیانێکی ئازادانە دابین بکەن دوور لەزۆرەملێی لەکارکردندا ناموسلمانەکان لەهەرێمی فارس دەستکراوەتر بوون لە ناموسلمانەکانی

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

عێراق ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو بارۆدۆخەی لە هەرێمەکەهەیە خەلکەکەی زیاتر یەکتری قبوڵ بوە وەبەشێوەیەکی ئاشتیانە ژیاون لەگەڵ یەکتر دوور لەململانێی ئایینی. {ادم متز :١٩٧٥م ،٨٥/١} .

لەهەرێمی فارس ئەهلی زیممە مافێکی تەوایان هەبوو لەبەسداری کردن لەبازار و دوکانەکان، لەلایەن دەولەتەوە رێگەیان پێدرابوو ،وەکو دەبینین جولەکەکان پێشــکەوتوتر بوون دەســتی باڵایان هەبووە لەبوارەکانی (پیشـەسـازی دەسـتی و رسـتن چنین و بۆیە و جوانکاری،بەرگدوری بەڵام مەسـیحیەکان لەلایەنی پیشەسازی دەرمان وپزیشکی پێشەنگ بوون. {الصابي :١٩٩٨م، ص ٣٧٩ } .

هەروەها ناموســـلمانەکان دەســـتێکی باڵایان هەبووە لەدۆزینەوەی دەرمانەکان بۆنەخۆشـــیەکان ،لەسـالّی(٣٩٧ک/٩٤٧ز)،(عبدالصـمد السـكرى العطار اليهودى) کەسـێکی شـارەزا بوە چەندین دەرمانی دروستکردووە بۆ نەخۆشەکان، هەولیانداوە ئەو پیشەی کەهەیانە شارەزابونە تێیدا هەر لەبنەماڵەکەی خۆیان بمێنێتەوە کەســیتر فێری نەبێت بەتایبەتی موســـلمانەکان ئەمەش زیاتر بۆبەدەســتهێنانی داهات ســـامان بوو و بۆ گرنگی پێدانی میرەکان بوو. {ابن الجوزي :١٩٩٢م، ٥٥/١٥ ؛ ماری بن ســـلمان :١٨٩٩م، ،ص٩٤} .

میرانی بوەیهی لەعێراق و فارس بۆپەرەدان بەپیشـــەســـازی وولّات دەبوو هەندێک مەواد هاوردەی وولّات بکەن وەکو (ئاووریشــم و کەتان و قوماش )چەندین بەرهەمی تری کشــتوکاڵی یان بەهەمی پیشـەسـازی لەمەشـدا ئەهلی زیممە دەسـتێکی باڵایان هەبوو لە گواسـتنەوەی ئەو مادانە بۆ دەولەتی بوەیهی، دوبارە ئەو مەوادانەیـان بەکاردەهێناو هەناردەی دەرەوەیـان دەکرد. { فهد:١٩٨٥م ،٣٥٠/٥ ؛ معائی عواد :ص٣٨ }.

لەسالّی (٣٧٢ک/٩٨٢) بەفەرمانی میر(عضدالدوله) بریاردرا بە دروستکردنی کارگەی ئاوریشم لەشاری( بغداد) بۆ دروســتکردنی جلوبەرگی میر و ســەرکردەکانی وولّات بەمەش پێویســتی بەهاوردەکردنی ئاوریشـم دەبوو لەدەرەوە کەناموسـلمانەکان رۆلێکی سـەرەکیان گێراوە لەو بوارەدا.{ابن الاثیر:١٩٩٧م، ١١٥/٧}.

بەلام دیارە لەســالی(٣٩٢ک) لەعێراق لەلایەن هەندێک لە موســـلمانەکان هێرشـــیان کرایە ســـەرماڵ ومولّکی ناموسـلمانەکان وە زەرەرێکی زۆری مادیان لێکەوت بەشـێک لەماڵ ومولّکیان بەتاڵان بردران هەربۆیە میر (بهاء الدولة ) بریایدا بەتۆلەســـەندنەوە لەتاوانباران بەتوندی گەراندنەوەی ماڵ ومولّکی

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەڕپێکراوە لە لایەن زانکۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(١)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

ناموســـلمانەکان بۆیان و هاوکاری مادی کردن ئەمەش بۆئەوە بوو تاوەکو هیچ کەســێک کاری ئاوا دووبارە نەکاتەوە لەگەڵ ناموسلمانەکان. {ابن الجوزي :١٩٩٢م ،٢١٩/٧}.

ئەمەش کاریگەری خراپی لایەنی ئابوریی هەبوو لەســەر ناموســلمانەکان، دەبوە هۆی کەم بونەوەی داهاتەکانیـان دەبوە هۆی وەســتـانی بازرگانی لەناوە و دەرەوەی ووڵات ئەمەش کاریگەری خراپی دەکردەسەر گوزەرانی خەڵکەکە بەگشتی .

هەروەها ناموســلمانەکان لەکاتی شــەرو کێشــەو ناکۆکیەکان بۆســەلامەتی دوکان وبەرهەمەکانیان دوکانە کانیان دادەخســت ،جگە لەمەش هاتوچۆی ئەو گەڕەکانەشــیان نەدەکرد کێشــەی تێدابوو لە نێوان موسـلمانان بەتایبەتی لەناوچەی کەرخ لەنێوان سـونە و شـیعە نشـینەکان .{یاقوت الحموي : ١٩٩٣م، :٥١١/٢ }.

جوولەکەکـان چەنـدین پۆســتێکی گرنگیـان وەرگرتوە وەکو لەســەردەمی وەزیر(علي بن فرات) دووکەسـایەتی کاری کۆکردنەوەی باجیان لەئەسـتۆ بوو (الجهبذە) ،ئەوانیش (یوسـف بن الفنحاس-هارون بن عمران) بوون، هەروەها (علي بن ضــمان) کاری کۆکردنەوەی پارەی کردوە لەســەردەمی بوەیهیەکان لە ئەهواز .{الصابي :١٩٩٨م ،ص٩٠-٩٣} .

بۆیە دەتوانین بلێن دەولەت ماف و ئازادیەکانی بۆ ئەهلی زیممە دابین کردبوو بۆ دەســتەبەرکردنی ژیانێکی ئارام مافی پێدابوون بۆ ئەنجامدانی هەرکارێک وەکو کشـتوکاڵی یان بازرگانی یان بازارگەری یـان پیشــەســازی وەکو هەموو موســلمانێک ئەو مافەیـان هەبوو باجی ســالانەیان داوە وەکو موســلمانەکان، هەندێک کات زوڵمیان بەرامبەر کراوە لەلایەن دەولەتەوە بەردەوام باجی زیاتریان بەســەردا دەســەپێندارا. لەســایەی ئەم ئازادیەی کە هەبووە بۆ ناموســلمانەکان بوەتە هۆی ئەوەی ناموسلمانەکان ببن بەخاوەن زەوی و ماڵ و موڵک و سامان وپارەیەکی زۆر لەدەولەتی بوەیهی.

هەروەها لەرووی ئابوریەوە موســلمانەکان ئەومافەیان هەبوو بازرگانی بکەن یان دوکانیان هەبێت یان لەکارگە پیشــەســازیەکان کاربکەن، بێگومان دەســتێکی باڵایان هەبوو لەخزمەتکردنی دەولەتی بوەیهی کەلەهەموو بوارەکان بەشـداربوون لەدەولەت دا زۆربەی پارە گۆڕەوەکان و خاوەن قەرزەکان کەسانی ناموموسلمان بوون .

گۆڤاری قەڵای زانست
گۆڤارێکی زانستی وەرزی باوەرپێکراوە لە لایەن زانكۆی لوبنانی فەرەنسی دەردەچێت-هەولێر-کوردستان-عێراق
بەرگی(٧) – ژمارە(١)، زستان ٢٠٢٢
ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

## دەرئەنجام :

ئەهلی زیممە پێکهاتووە لە (مەسیحی ،جولەکە ،الصابیئە ،زەردەشتی(مجوسی) ئەم چینە لەعێراق وهەرێمی فارس نیشتەجێ بوون لەسەردەمی بوەیهیەکان ،لە ئەنجامی ئەوسیاسیەتەی کە دەولەت لەسەری دەرۆیشت لەبەرامبەربە ئەهلی زیممە وایکردووە بەشیوەیەکی ئاشتیانە بژین و هەموو مافە ئاینی وسیاسی و وکۆمەڵایەتی وئابوریان بۆدەستەبەر بکرێت،هەروەها بوە هۆی ئەوەی بتوانن مەراسیم و بۆنە ئاینی و کۆمەڵایەتیەکانیان بەشیوەیەکی ئازادانە دوور لە توندوتیژی بکەنەوە.

(أهل الذمة) لەدەرنجامی ئەو ئازادیە ئاینیەی کە هەیان بوو لە دەولەتی بوەیهی دەیان توانی لەنێوان خۆیان کەسێکی گەورە هەلبژێرن بۆسەرپەرشتی کردنی ئاین و هۆزەکەیان بۆ جێبەجێکردنی رێورسمەئاینی و کۆمەلاتیەکان لەنێوخۆیاندا .
هەروەها ئەنجامی پاراستن و دابینکردنی ئاسایش و ئازادی کار و پیشە و ئاین و بەشداری نەکردنی لەشەرەکان دەبوو سالانە جزیە بدەنە دەوڵەت، جگەلەوەش وەکو موسلمان دەبوو خەراج وباجە جۆراوجۆرەکانیتر بدەن ئەم سیاسەتەی دەولەت بۆ دەستە بەرکردنی داهات و پارەی پێویست بوو بۆ سوپا و موچەی سەربازان.
ئەوئازادیەی ناموسلمانەکان هەیانبوو توانیان دەست بەنۆژەنکردنەوەی کڵێسا و دێرو ئاتەشگاکانیان بکەن کە لەسەردەمانی پیش ئەوان ئەوئازادیەیان نەبوو بەڵام لەسەردەمی بوەیهیەکان دابو نەریت و سروتەئانیەکانیان بەشیوەیەکی ئازادانە گێراوە ،هەروەها لەئەنجامی پێدانی ئەو ئازادیەی هەیان بووە توانیان لەنێوکۆمەڵگای موسڵمانان لەگەڵ موسڵمانان پێکەوە یادەکان زیندوبکەنەوە پیرۆزبایی لەیەکتری بکەن دەوڵەتیش لەم رووەوە هاوکاری مادی کردوون بەلام سنوری بۆدانابوون لەوەی زیادەرەوی بکەن لە دروستکردنی کڵێسای نوێ لەناو موسلمانان.
هەروەها ئەو سیاسەتەی دەولەت پەیرەوەی دەکرد لەبەژداری پێکردنی ناموسڵمانەکان دەکرا لەلایەن بوەیهیەکان، بووە هۆی ئەوەی ناموسڵمانەکان بەشداری سیاسەت حکومرانی بکەن و چەندین پۆستی گرنگ وەربگرن لە دەولەت وەکو وەزیر و سەرۆکی دیوانەکان و باج کۆکەرەوە و هتر، زۆرجار لە ئەنجامی وەرگرتنی ئەم پۆستانە دەبووە هۆی دروست بونی کێشە و ململانێ لەنێوان موسڵمان و ناموسڵمانەکان چەندین جار بەسوتان و تالانکردنی ماڵ و کڵێساکان کۆتایی دەهات زیانێکی زۆری

مادییان لێدەکەوتەوە، دەولەت هاوکاریکردوون بۆ هاتنە ناو دەوڵەت و وەرگرتنی پۆستە ئیدارییەکان و توانیان لە راپەراندنی کارەکانیان سەرکەوتووبن .

ئەهلی زیممە نەوەک پەرچەکرداری تێکدەرانەیان نەبوو بەڵکو زۆرێکیان لەخزمەتکردنی دەولەت بەردەوام بوون لەبوارەکانی سیاسی و ئابوری و سەربازی هەروەها لە بوارەکانی ئەدەبی جێ دەستیان دیاربوو لەلایەنی پەروەردە و رۆشەنبیری و بلاوکردنەوەی زانیاری کە قوتابخانەکانیان بونە هۆی بڵاوبونەوەی زانست زانیاری و چەندین زانای تێدا دەرکەوت.

بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەندێک یاسا هەبوو دەبوو جێبەجێی بکەن لەدەولەتی بوەیهی وەکوو لەبەرکردنی جلوبەرگی دیاریکراو و خانو دروستکردن کەشێوازی خۆیان هەبووە ئەمەش بۆ ئەوەبوو جیابکرێنەوە لە موسڵمانان، بۆئەوەبوو تاوەکو کەس نەتوانێ زولمیان لێبکات خەلکەکە هەربەجلو بەرگیان دەیانناسینەوە .

ئەروەها لەئەنجامی گرنگی پێدانی دەولەت بەبواری پیشەسازی ورەخساندنی هەلی کار بۆناموسڵمانەکان ئەمەش وای لەم چینەکرد بەشداریەکی کارایان هەبوو لەپێشخستنی کەرتی کشتوکاڵ وبازرگانی کردن و پەرەپێدانی پیشەسازی ،کە سەرەنجام بوە هۆکارێک بۆ بەردەوامیدان بەکەرتی بازرگانی کشتوکاڵی وپیشەسازی رۆلێکی کاریگەریان گێرا لەبواری دارایی وبانک و ئالوگۆری دراو وقەرزدان بەهاولاتیان هۆکارێک بوە بۆپێشخستن و بوژانەوەی بازاری ووڵات کەبونە هۆکاری جولەپێکردن وچالاکردنی بازارو جولە بازرگانیەکان رۆڵیان هەبوو لەپێشخستنی پیشەسازی لە دەولەتی بوەیهی، هەروەها دەولەمەندەکانیان هاوکاری مادی دەولەتیان دەکرد بۆدەرکردنی خەرجیەکانی خۆی و هاوکاری کردنی هاولاتیان لەئەنجام دانی پیرۆژە کشتوکاڵیەکانیان بۆ هەولدان بۆچاکسازی و ئاوەدانکردنەوەی کەرتی کشتوکاڵی و رێگاو بان و دروستکردنی باڵەخانەی بەرز بۆ میرو کاربەدەستانی دەولەت.

## لیستی سەچاوەکان :

قورئانی پیرۆز
١-ابن ابی اصیبغة: موفق الدین أبی العباس احمد بن القاسم،(ت٦٦٨ه/ ١٢٦٩م) ، ١٩٨١م ،عیون الأنباء فی طبقات الاطباء ،بیروت، دارالثقافه.

٢- ابن الاثير:محمد بن محمد بن عبدالكريم (ت٦٣٠ ه/١٢٦٩م) ،١٩٩٧م، الكامل فى التاريخ ،دار صادر، بيروت.

٣- ابن الجوزي :ابوفرج عبدالرحمان بن على بن محمد (ت٥٩٧ ه/١٢٠٠م) ،١٩٩٢م، المنتظم فى تاريخ الملوك والامم، تح:محمد عبدالقادرعطا و مصطفى عبدالقادر عطا، دارالكتب العلميه ،بيروت.

٤- ابن الحماد الحنبلي :شهاب الدين ابى الفلاح عبدالحى بن احمد بن محمد (ت١٠٨٩ه/١٦٧٨م)، ١٩٨٩م، شذرات الذهب فى أخبارمن ذهب، تح:عبدالقادر الارناؤوط، دار ابن كثير، دمشق .

٥- ابن حوقل : ابوقاسم محمد بن على (٣٥٦ ه/ ٩٦٧م )، (د.ت) ، صورة الارض ،بيروت ،مكتبة الحياة.

٦- ابن حمدون :محمد بن الحسن بن محمد بن على (ت٥٦٢ ه) ،١٩٩٦م ،التذكرة الحمدونية،تح :احسان عباس و بكرعبدوس ،بيروت ،دار صادر .

٧- ابن خرداذبة ، ابوالقاسم عبدالله بن عبدالله) ت (٢٧٢ك/ ٨٨٥ك) :١٨٨٩م، المسالك و الممالك ،ليدن ،مطبعة بريل.

٨- ابن النديم: أبو الفرج محمد بن اسحاق المعروف بأبى يعقوب الوراق ،١٩٩٤م ،الفهرست ،تح: براهيم رمضان ،بيروت ،دار المعرفة .

٩- ابن خلكان: شمس الدين ابو العباس احمد بن ابراهيم (ت٦٨١ه /١٢٨٢م)، ١٩٣٠م، وفيات الاعيان و أنباء أبناء الزمان ،تح: احسان عباس، دارصادر، بيروت.

١٠- ابن كثير :أبو الفيداء اسماعيل بن عمر :١٩٨٨م ،البداية و النهاية، تح: على شيرى ،(د.م) ،دار احياء التراث العربى.

١١- ابن منظور، جمال الدين أبو الفضل محمد بن مكرم،(ت٧١١ه/١٣١١م): ١٩٧٠م، لسان العرب، بيروت،دارصادر.

١٢- الماورردي، على بن محمد(ت٤٥٠ه/١٠٥٨م) :١٩٠٩،أحكام السلطانيه ،قاهره.

١٣- ابوحيان التوحيدي : على بن محمد بن عباس (ت٤١٤ ه /١٠٢٣م)، ١٩٩٧م، مثالب الوزيرين ،تح:ابراهيم الكيلانى، دارالفكر، دمشق.

١٤- ابو يوسف: يعقوب بن يوسف،(ت ١٨٢ه/٧٩٨ ز)،١٩٣٩ ه/١٩٧٩ز ،كتاب الخراج،دار المعرفة(د.م) .

١٥- الخربوطلي ،على حسين : ١٩٦٩م ،الاسلام أهل الذمة، تبع: محمد توفيق، المجلس الشؤون الاسلامية، القاهيره.

١٦- الذهبي :شمس الدين ابو عبدالله محمد بن احمد بن عثمان بن قايماز، ١٤١٩ه ،تاريخ الاسلام و وفيات المشاهير والاعلام ،تح: صلاح الدين المنجد ،كويت ، دارالنشر مطبعة الكويت.

١٧- الروذراوري :أبو شجاع محمد بن حسين ظهيرالدين ،٢٠٠٢م ،ذيل تجارب الامم ،بيروت ،دار الكتب العلمية.

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

١٨- الاصطخري :ابواسحاق ابراهيم بن محمد: ١٩٦١م ، المسالك والممالك ،تح: عبدالعال الحينى ، وزاره الثقافه والارشاد القومى ،دار القلم .

١٩- الشابشتي : ابوالحسن على بن محمد: ١٨٥١م ،الديارات ،بغداد، اتحاد مؤرخين العرب.

٢٠- الشيزري :عبدالرحمن بن نصر بنعبدالله ،(ت ٧٧٤ه /١٣٧٢م) ، (د.ت) ،نهاية الرتبة فى طلب الحسبة، تح: سيد باز الحرينى ،بيروت، دارالثقافة .

٢١- ابن العبري : ابى الفرج ابن هارون الملقى (٦٨٥ه /١٢٩٧م) ،١٩٨٣م ،تاريخ مختصر الدول ،تح: انطوان صالحانى اليسوعى، دارالرائد ،بيروت،لبنان.

٢٢- اصفهاني :ابوفرج على بن الحسين (ت٣٥٦ه/ ٩٦٦م) ،١٩٩١م، الديارات ،تح :جليل العطية ورياض الريس، لندن .

٢٣- الادريسي :ابو عبدالله بن محمد بن عبدالله بن ادريس (ت:فى القرن السادس الهجرى/الثانى عشر الميلادى)، (د.ت)، نزهة المشتاق فى اختراق، مكتبة الثقافة الدينيه، (د،م).

٢٤- البيروني :أبو الريحان محمد بن احمد ،١٩٢٣م، الاثار باقيه عن القرون الخالية، تح: خليل عمران منصور، دار اكتب العمية، بيروت.

٢٥- التنوخي : ابوعلى المحسن بن على (ت ٣٨٤ ه/٩٩٤م) ،١٩٧١م، نشوار المحاضرة واخبار المذكرة، تح: عبود الشالجى،(د.م) .

٢٦- الثعالبي : ابو منصور عبدالملك بن محمد بن اسماعيل ،٢٠٠٠م ،يتيمة الدهر فى المحاسن أهل العصر، تح: مفيد قميحة ،بيروت ،دارالمكتبة العلمية

٢٧- الصابي :ابى الحسين هيلال بن المحسن بن ابراهيم ،١٩٩٨م، تحفة الامراء فى تاريخ الوزراء، تح: خليل المنصور، دار الكتب العمية، بيروت.

٢٨- الصفدي :صلاح الدين بن ايبک (ت٧٦٤ه /١٣٦٢) ،١٩٦٣م، کتاب الوافى بالوافيات ،تح:محمد بن محمد و محمد بن ابراهيم، دار النشر فرانزشتاينر قيس بادن.

٢٩- القضاعي :ابوعبدالله محمد بن سلامة (ت٤٥٤ه /١٠٦٢م) ، ١٩٩٨م ،الانباء بأبناء الانبياء والتواريخ الخلفاء و ولايات الامراء ،تح: عمر عبدالسلام التدمرى، المكتبة العصرية، صيدا ،بيروت.

٣٠- القريشي :محمد بن محمد بن احمد :١٩٧٦م ،معالم القربة فى أحكام الحسبة، تح: محمد محمود شعبان و صديق احمد المطيعى، مصر، الهية المصرية العامة للكتاب.

٣١- القلقشندي : ابوالعباس أحمد بن على بن عبدالله (ت٨٢١ه/١٤١٨ م)، ١٩٨٣م، صبح الاعشى فى صناعةالانشا، تح:محمد حسين شمس الدين، دار الكتب العلمية ،بيروت.

٣٢- القزويني: عجائب المخلوقات وغرائب الموجودات، (د.ت) ،(د.م)، مكتبة الاموية.
٣٣- الكاساني :١٩٨٢، بدائع والصنائع فى ترتيب الشرائع ،دارالكتاب العربى، بيروت.
٣٤- المقدسي :محمد بن احمد بن ابى بكر البشارى (ت ٣٨٠ه/٩٩٥م) ،١٩٨٧م ،احسن التقاسيم فى معريفة الاقاليم، تح: محمد مخزوم ،دارصادر ،بيروت.
٣٥- المسعودي : ابوحسن على بن حسن (ت٣٤٦ه/٩٥٧م)، ١٩٨١م، التنبيه والاشراف، دارمكتبه الهلال، بيروت.
٣٦- النويري :شهاب الدين احمد بن عبدالوهاب: (ت٧٣٣ه /١٣٣٢م)،١٩٨٥م ،نهاية الارب فى فنون الأدب، تح:محمد فوزي ،الهيئة المصرية العامه للكتاب، القاهيره.
٣٧- الهمذاني: محمد بن عبدالملك(ت٥٢١هج/١١٢٧م) ،(د.ت) ،تكلمة تاريخ الطبرى، تح:محمد ابوالفضل ابراهيم،دارالمعارف، (د.م) .
٣٨- اليعقوبي :أحمد بن يعقوب : ٢٠٠٢م ، البلدان ،تح: محمد امين ، بيروت ،دار الكتب .
٣٩- بنيامين التطيلي : ١٩٤٥م ،رحلة بنيامين ،ت :عزرا حداد ،بغداد .
٤٠- جمال الدين ابو الحسن على بن القاضى الاشرف يوسف (ت٦٤٦ ه/١٢٤٨م) ،١٩٢٥م، إخبار العلماء باخبار الحكماء ،تح:محمد امين الخانجى الكتبى، بطبعة السعادة،دارالكتب الخديوية، مصر.
٤١- سبط بابن الجوزي :أبو المظفر يوسف قز وأغلى بن عبداله :١٩٩٠م ،مرأة الزمان فى تاريخ الاعيان ،تح: جنان جليل، بغداد ،دار الوطنية .
٤٢- فيروز أبادي ،مجدالدين محمد بن يعقوب الشيرازي (٧١٧ه/١٤١٤م) :١٩٨٠م،القاموس المحيط،تبع٣ ،الهيئه المصريه العامه للكتاب ،القاهرة.
٤٣- مسكويه : احمد بن محمد (ت ٤٢١ ه/ ١٠٣٠م) ،(د.ت)،تجارب الامم وتعاقب الهمم، دارالكتاب الاسلامى،قاهيره.
٤٤- قزويني :زكريا بن محمد بن محمود، ١٩٦٠م ، أثار البلاد وآخبارالعباد، دارالكتب العمية، بيروت.
٤٥- ياقوت الحموي :ياقوت بن عبداله (ت٦٢٦ه /١٢٢٨م) ،١٩٩٣، معجم الادباء، تح:احسان عباس، دارالغرب الاسلامى ،بيروت.
٤٦- أبو الاعلى المودودي :١٩٨٠م ،حقوق الاهل الذمة ،(د.ن)، (د.م).
٤٧- احمد عيسا بک :١٩٨١م، تاريخ البيمارستان فى الاسلام، دارالرائد العربى، بيروت.
٤٨- احمد مطلوب:١٩٩٥م ، معجم الملابس من لسان العرب، مطبعة لبنان.
٤٩- اشتور : ١٩٨٥م ،التاريخ الاقتصادى و الاجتماعى للشرق الاوسط فى العصر الوسطى، تر :عبدالهادى عبله، مراجعة: احمد غسان ،دمشق، دارقتيبة.

٥٠- صلاح الدين العبيدي :١٩٨٠م ، الملابس العربية الاسلامية فى العصر العباسى الثانى فى الصادر التاريخية والاثرية العراق، منشور وزاره الثقافه والاعلام ،دار الرشيد.
٥١- عادل محى الدين الألوسي، ١٩٨٤م ، تجارة العراق البحرية مح اندونيسيا حتى اواخر القرن السابع الهجرى،الثالث عشرالميلادى، العراق، وزارة الثقافة وشؤون الثقافة.
٥٢- عيمادالدين خليل ،١٩٩٠م، تحليل للتاريخ الاسلامى، دارالثقافة، الدوحه.
٥٣- غضبان دومى عكلة الناشى :١٩٨٣م ،الصابئة، بغداد، مطبعة الامة
٥٤- فهد ، بدرى محمد ١٩٨٥ م ،المجتمع العراقى فى العصر العباسى،حضارة العراق، بغداد، مطبعة الارشاد.
٥٥- محمد الجزائيري :٢٠٠٠م ،المندائيون الصابئة اول الموحدين، بيروت ،دار بيسان .
٥٦- توفيق سلطان اليوزبكي : ١٩٨٨م،دراسات فى النظم العربيه الاسلامية،كلية الاداب ،جامعة الموصل ،الموصل.
٥٧- جان موريس قيبة :١٩٨٦م ،احوال النصارى ، بيروت ،دار المشرق.
٥٨- مارى بن سليمان :١٨٩٩م، فطاركة كرسى المشرق، من كتاب المجدل، روما.
٥٩- عەلى محيدين قەرەداغى :٢٠١٦، ئيسلام مافى هاولاتى بوون، و:صلاح باقر عبدول،سلێمانى چوارچرا.
٦٠- ئەيوب على زەڵمى :٢٠١٩ز، لەژێردەسەڵاتى ئيسلاميدا،چاپخانەى تەفسير، هەولێر.
٦١- بخاري :صحيح البخارى ،رقم حديث:٣١٦٦.
٦٢- ويل ديورانت: (د.ت) ،قصةالحضاره، تر:زكى نجيب محمود و اخرون، دارجليل، بيروت.
٦٣- يوسف صابرمەولود: ٢٠١٥ز، زەبرى شمشێر لەئيسلامدا،چ٢،چاپخانەى تەفسير،هەولێر.
٦٤- أدم، متز: ١٩٧٥م ،الحضارة الاسلامية فى القرن الرابع الهجرى، تر: عبدالهادى أبو ريده، دار الكتاب، بيروت.
٦٥- بارتولد :١٩٨٣م، تاريخ الحضاره الاسلامية، تر: حمزه طاهر، مصر،دار المعارف.
٦٦- حتى،فليب :١٩٥٦م ،تاريخ العرب المطول.
٦٧- حسن الزين :١٩٨٢م ،اهل الكتاب فى المجتمع الاسلامى، بيروت،(د،م) .
٦٨- حسين على المسري :١٩٨٢م، تجارة العراق في العصر العباسي،جامعة الكويت،(د.ن).
٦٩- خزعل الماجدي :١٩٩٧م ،جزور الديانة المندائية، مطبعه المنصور.
٧٠- سعد،فهمى :١٩٨٣م، العامه فى بغداد القرنيين الثالث و الرابع، دااهلية للنشر، بيروت .
٧١- عبدالعزيز الدوري :١٩٤٥م، دراسات فى العصور العباسيه والمتأخره، مطبعة السريال ،بغداد.
٧٢- عبدالعزيز كامل: ١٩٨٦م،الحضاره الاسلاميةالشركة المتحدة للطباعة.
٧٣- غرس النعمة :ابوالحسن محمد بن هلال الصابى(ت ٤٨٠ھ/١٠٨٧م) ،١٩٨٧م، الهفوات النادره ،دار الأوزاعى ،بيروت.

٧٤- كلود كاهن :١٣٩٠ه، شهرها و تشكيلات أجتماعى و قبائل،ت؛ تيمورى قادرى ،تهران.
٧٥- نجية عيســي شــاهين :١٩٩٦م ،المجتمع البغدادى فى العصــر البويهى ، ريســالة دكتۆرا، اشــراف: فتحى ابو الفتاح ابو سيف، جامعه عين شمس.
٧٦- ويل ديورانت :١٩٨٨م ،قصة الحضارة ، تر:زكى نجيب محمود اخرون، دار الجيل، بيروت.
٧٧- يوسف رزق الله غنيمة: ١٩٩٧م، نزهة المشتاق فى تاريخ اليهود العراق، دار الوراق، لندن.

# Political, Socal and Economic Rights of the Dhimmis in the Buyid (334-447/ 945- 1055)

**Prof. Ako Burhan Muhammad**
Department of History, College of Art, Salahaddin University, Erbil, Kurdistan Region, Iraq
ako.muhamad1@su.edu.krd

**Azad Othman Mustafa**
Department of History, College of Art, Salahaddin University, Erbil, Kurdistan Region, Iraq
azad.balaky@gmail.com

**Keywords:** Arban, BOWAIHE, Right, Islamic, Thima

## Abstract

(Ahl al-dhimma) are free non-Muslims, minorities (Christian, Jewish, Sabia's, Zardashti) who enjoy Muslim protection. They all have the same rights as Muslims, and this right came under this law (They have what the Muslims have, and they have what they owe). Ahl al-dhimma had all rights and duties there were not any differences with Muslims. But for not doing military services they have to give Jizya to the state, whereas Muslims had to pay Zakah and tax to the state more than them. Ahl al-dhimma had all political, management, economical and social rights. The state had given them all rights in all aspects of life. And they could succeed to get all their rights and they had the ability to participate in governmental buildings and all sectors, and no one can ever deny their pivotal role in management, trade and agriculture.

ژمارەی تۆماری نێودەڵەتی: ISSN 2518-6566 (Online) - ISSN 2518-6558 (Print)

Furthermore, they had a great relationship with Muslims, and they went to Muslim weddings and invitations.

Therefore, they as a minority could get lots of ministerial positions and gain Bwaihi trust. Moreover, they had a great role in management, helping the states in terms of agriculture, trade and theft prevention.

In addition, Non-Muslims had a great social interaction with Muslims in alleys and cities where they had lived.

-----------------------------------------------------------

## حقوق السياسية والاجتماعية و الاقتصادية
## اهل الذمة فى الدولة البويهية ٣٤٤-٤٤٧هـ/ ٩٤٥-١٠٥٥م

**ملخص:**

أهل الذمه هم الأقلية المكونة من الديانات الأخرى مثل :" المسيحى ،اليهودى ،الصابئه ،الزرادشتية " الذين عاشوا تحت رعاية الدوله الإسلامية،لهم كافة الحقوق مثل المسلمين، من خلال المبدأ الذى وضع لهم : " أن لهم ما للمسلمين،وعليهم ما على المسلمين " أي هم متساوون فى الحقوق والواجبات مع المسلمين ، ولا يوجد الفرق بينهم ،فمثلا : فى مقابل عدم قيام الذمي بالخدمة العسكرية، كان عليهم دفع الضريبة مقابل حمايتهم و أمنهم من قبل الدولة، المسلمون أيضا كانوا يدفعون للدولة تحت عنوان الزكاة و الفطرة أكثر مما يدفعه أهل الذمه .وقد كان الأهل الذمة حقوقه السياسية و الإداريةو الإقتصادية و الإجتماعية كاملة، وكان لهم مشاركة فعالة الإداره مفاصل الدولة ، وأصبح لهم دور كبيرا فى تقدم الدولة وأزدهارها من الناحيه التجارية و الزراعية، وكونوا علاقة قوية مع المسلمين من خلال المشاركة في المناسبات والعادات الدينية والاجتماعية فيما بينهم .واستطاعوا من خلال حنكتهم السياسية حصولهم علي كثير من الحقائب الوزارية فى زمن البويهين، وأصبح لهم دور بارز في تنظم الإدارة ورفع التجاوزات عن الأراضى وأستصلاحها وتطوير الولايات الإسلامية من الناحيه التجارية والزراعية، والتغلب علي السرقة وقطع الطرق، وتوطيد علاقاتهم الإجتماعية مع المسلمين، بل اصبحوا جزء من مكون الدولة الأساسية وعاشوا فى جوار المسلمين بحرية كاملة .